بسم الله الرحمن الرحيم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٢٣ ) ی بڵاوکراوەی زانست


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | تێکەڵاوی لە ناوەندەکانی خوێندندا...................................... | سەرنوسەر |
| ٤ | بەهەشتی دونیا ............................................ | جلیل إبراهیم |
| ٥ | ئایا دەتوانیت لە کاتی تاوانکردندا خۆت لە خوای گەورە بشاریتەوە؟... | فلاح حسن |
| ٦ | سێ لە سەرپێچی یەکانی ئافرەتان کە پێویستە ئاگاداریان بن............ | هێمن عبد الکریم |
| ٧ | جوامێری لە ئیسلامدا ............................................ | بلال جلال |
| ٨ | وەسفی قورئان بۆ ژیانی دونیا........................................ | إدریس محمود |
| ٩ | خوشکی من گەڕانەوەی ڕاستەقینە توێشووە بۆ ڕۆژی دوایی............ | ئەژین صدیق |
| ١١ | سەرکەوە لەگەڵماندا........................................................ | پشتیوان حسن |
| ١٢ | پێغەمبەر(ﷺ) پێشەوای پارێزەرانی ژینگەیە!!.................................. | کوردستان عومەر |
| ١٣ | خوێنەکانی لەشی ئافرەت وحوکمی هەریەکەیان لە ئیسلامدا............ | صلاح فائق |
| ١٤ | کۆمەڵێك لەسوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ............ | محمد نجم |
| ١٦ | بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی مەکەن!.................................... | م.سۆران عثمان |
| ١٧ | ئایا پۆشاکی شەرعی تەنها ئەو لەچکەیە کە خوشکانمان ئەی پۆشن؟... | ئادەم عثمان |
| ١٩ | حوکمی نوێژکردنی پیاوان بە پۆشاکی شۆڕەوە( بەشی دووەم )........... | هاوار عبدالله |
| ٢٠ | مژدەی بەهەشت بۆ کچان و کوڕانی داوێن پاك!!............................. | دەشتی لطیف |
| ٢١ | بەرچاو ڕوونی (البصیرة):........................................................ | هیوا محمد |
| ٢٣ | گرنگترین گۆڤارە ڕۆژهەڵاتناسیەکان ودیارترین کەسایەتیەکانیان......... | علی خان |


**تێبینـــی** : بۆ ئـەو فێرخـوازە ئازیزانـەی کـە دەیانـەوێت بابـــەتیان بڵاوبێتـــەوە ، زانـــست ئـــەو دەرفەتـــەیان بـــۆ دەڕەخـــسێنێت ، بـــەڵام بابەتـــەکانیان بـــەپێی مـــەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە نـاوی سەرچـاوە بکرێـت ... ٣ . تـا دەتوانرێـت کـورت و پـوختکراو بێـت ... ٤ . ئامادەکـار نـاوی خـۆی و کۆلێـژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت .

✍ بـە ڕەخنـە و پێـشنیارەکانتان بڵاوکراوەکـەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .

بۆپەیوەندی: b_zanst@yahoo.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام . دەرچووی عربی . صلاح الدین .**

**دەستەی نووسەران :**

جیهاد قادر/ فێرخوازی ماستەر — ز . قاهیرە

بلال جلال / دراساتی ئیسلامی

هێمن عبدالکریم / کۆمپیوتەری هەولێر .

صلاح فائق / دەرچووی ئەندازیاری سلێمانی

**هەڵەچن : هیوا محمد ( زیرەك )**

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

**بنکەی سەرەکی دابەشکردنی بڵاوکراوەی زانست لە شاری کەلار**

**کتێبخانە و تۆمارگای بەهەشت – شەقامی گشتی - نزیك فلکەی ناو بازاڕ - تەنیشت چێشتخانەی شێروانە ٠٧٧٠٢٩١٢٦١٣**

## تێکەڵاوی لە ناوەندەکانی خوێندندا

## داڕوخانی بەها ڕەوشتیەکان و زیانی پەروەردەیی بەدواوەیە

الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله ﷺ :

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئێمەی موسوڵمان کە لە ئوممەتانی تر جیامان دەکاتەوە : هاریکاری یەکتر کردنە لە سەر چاکە ولەخواترسان ، ئەوەش بەپێشنیارەکانمان کە ئامۆژگارین بۆ بەرەوپێش بردنی تاك و کۆمەڵ و وڵاتمان لەگەڵ برەودان بە ڕەوشی زانستی و بوارەکانی تری کۆمەڵگاکەمان ... جا لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم : **تێکەڵاوی لە ناوەندەکانی خوێندندا داڕوخانی بەها ڕەوشتیەکان و زیانی پەروەردەیی بەدواوەیە** ، پشت ڕاستکردنەوەی ئەم وتەیەشم . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . بە چەند لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژئاوایی و ئەوروپی لەگەڵ وتەی چەندان ناوداریان دەبێت ، بۆ ئەوەی ئەوە ئاشکرا بێت لە لای موسڵمانان کە : تێکەڵکردنی کوڕان و کچان لە ناوەندەکانی خوێندندا هیچ پەیوەندیەکی بەپێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجیەوە نیە ، ئەوەش هەر بە گەواهیدانی خودی ڕۆژئاواییەکان ، چونکە ئەوەتا دەبینیت تەنها وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٨٠ زانکۆ و کۆلێژی تێکەڵ نەبووی هەیە ، بۆیە . بە پشتیوانی خوای پەروەردگار . دەڵێم :

زۆرێك لە وڵاتانی ئەوروپا دان بە شکستهێنانی خوێندنی تێکەڵاو دەنێن ، ئەوەتا ( کنیش بیکر ) وەزیری خوێندنی بەریتانیا ، سەرقاڵی چاوخشاندنە بە تێکەڵاوی پاش ئەوەی کە شکستێتی سەلمێنراوە ... یەکێکیش لە ئەندامانی لیژنەی خوێندن لە پەرلەمانی ئەڵمانی ( البوند ستاج ) دەڵێت : پێویستە بگەڕێنەوە بۆ خوێندنی جودا . یەك ڕەگەزی . .

توێژەر ( بۆنی فیر ) لە زانکۆی ( ئۆنتارا ) لە کەنەدا دەڵێت : خوێندنی تێکەڵاو خیانەت لە ئافرەتان دەکات بە دروشمی یەکسانی ، کەچی ڕاستیەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە یەکسانی لە جیاکردنەوەدایە ، بۆ ئەوەی هەر ڕەگەزێکیان هەستێت بە پیادەکردنی تایبەتمەندی و پێبەخشراوە جیاکانی خۆیان ، کە قوتابخانە و زانکۆ تێکەڵەکان جەختیان لەسەر ناکەن و جێی بایەخیان نیە ، زیاد لەوەی کە جەختیان لەسەرە لە تایبەتمەندی و تواناکانی ڕەگەزی نێرینە ، نەك مێینەکان ، ئەمەش پاش چاوخشاندنمە بە زۆرێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە پشتگیری ئەم دەرئەنجامانەی من دەکەن کە پێی گەشتووم .

ئەی دەبێت کاریگەری تێکەڵاوی لە داڕووخانی ڕەوشتی و زیانی پەروەردەیی . لە لێکۆڵینەوە و وتەی ڕۆژئاوایی و ئەوروپیەکانەوە . چۆن باسی لێوە کرابێت ، و چۆن بۆی دەڕوانرێت ؟

### داڕووخانی بەها ڕەوشتیەکان بەهۆی تێکەڵاویەوە

زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی ( فیشال فیز ) توێژەر لە ناوەندی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان لە فەرەنسا لە لێکۆڵینەوەیەکیدا کە ڕۆژنامەی ( لاکسبریس ) ی فەرەنسی لە سەر کتێبێك بۆی بڵاوکرابووەوە بە ناوی ( داوی قوتابخانە تێکەڵەکان ) ، ڕایگەیاند کە : (( تێکەڵاوی پاڵپشتی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە ناکات ، هەروەکو چۆن پاڵپشتیان نیە لە هەڵەکانیاندا ، **لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵینەوەکان . دوای ٤٥ ساڵ تێکەڵاوی لە فەرەنسا . خراپیەکانی تێکەڵاوی دەرخستووە ، کە چۆن ڕێژەی دەستدرێژیکردنە سەر لە ناوەندەکانی فێربووندا زیادی کردووە** ، سەرەڕای زیادبوونی ڕێژەی دەرنەچوون )) .

لایەنێکی تری کاریگەری تێکەڵاوی لەسەر هەردوو ڕەگەزی تێکەڵبوو : لەدەستدانی تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی هەردوو ڕەگەزە ، بۆیە دەبینیت کوڕان خوی کچان دەگرنەخۆ ، لەبەرامبەریشدا کچان بە هەمان شێوە ، ئەوەتا وەزیری خوێندنی فلیپینی(ریکارد جلودیا ) دەڵێت : حەزم لەوەیە کە ژمارەیەکی زۆرتر لە مامۆستایانی پیاو دامەزرێنم بۆ وانە وتنەوە بە خوێنکارانی نێرینە ، تاکو سیفەتی

پیاوانە لە خۆیاندا پیادە بکەن ، لە جیاتی ئەو سیفەتە ژنانیانەی کە لە مامۆستا ئافرەتەکانیاندا وەریان گرتووە .

**زیانە پەروەردەییەکانی تێکەڵاوی**

لە وتەکەی ( فیشال فیز ) دەرکەوت کە تێکەڵاوی فاکتەر و هۆکارێک بووە بۆ زیادبوونی ڕێژەی دەرنەچوون ، بەمەش ئاشکرا دەبێت کە تێکەڵاوی **ئاستی خوێندن نزم دەکاتەوە** نەک بەرزی بکاتەوە !!

کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی مەیدانیش کە لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاواو بەریتانیادا کران دەرئەنجامیان ئاماژەکردن بوو بە : دابەزینی ئاستی زیرەکی قوتابیان لە قوتابخانە تێکەڵاوەکاندا ، لەگەڵ بەردەوامی بەرەوخراپترچوونی ئەم ئاستە ، وە بە پێچەوانەشەوە دەرکەوتووە کە ئاستی قوتابیانی یەک ڕەگەز . تێکەڵنەبوو . لە زیادبووندایە .

وە لێکۆڵینەوەیەک لە پەیمانگای ( کیل ) لە ئەڵمانیا ئەوەی دەرخستووە کە جیابوونەوە ڕووی داوە ... بینراوە کە کچان زیاتر بەئاگابوونە و نمرەکانیشیان زۆر باشتربووە لە پێشتر .

هەر سەبارەت بە کاریگەری تێکەڵاوی لەسەر ئاستی قوتابیان و پێچەوانەکەشی ، لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژئاوایی کە لە ( ٨ ی یۆلیۆی ٢٠٠٨ ) بڵاوکرایەوە ، کە دەستەیەکی میری بەریتانی کە پێی دەوترێت (المؤسسة الوطنية للبحث العلمي ) پێی هەستان ، و (٢٩٥٤ ) قوتابخانەی ناوەندی گرتەوە لە ( ئینگلتەرا ) ئەوەی دەرخستووە کە : ئەداکردنی قوتابیانی کوڕ و کچ لەو قوتابخانانەی کە تێکەڵ نین باشتر و بەرزترە ، وە لێکۆڵینەوەکە . بە پشکنینی دەرئەنجامی تاقیکردنەوە گشتیەکانی بەریتانیا . ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو قوتابخانانەی کە تێکەڵاو نین دەرئەنجامی باشتریان هەبووە ، ئەوەتا لە ساڵی( ٢٠٠١ ) بیست قوتابی یەکەمین لە قوتابیانی ئەو قوتابخانانە بووە کە تێکەڵ نەبوون ، بەڵکو زۆربەی پەنجا یەکەمی ئەو ساڵە هەر لەو قوتابخانانە بووە کە تێکەڵ نەبوون .

**زیانی : کوشتن و نەهێشتنی گیانی پێشبڕکێ :** ئاکامێکی تر کە هۆکارەکەی تێکەڵاویە ، دکتۆرە (شوستر ) کە پسپۆرێکی ئەڵمانیە لە بواری پەروەردەدا دەڵێت : یەک ڕەگەزی لە خوێندنگاکاندا . واتە : کوڕان لەگەڵ کوڕان و کچانیش لەگەڵ کچان . هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی گیانی پێشبڕکێ لە نێوان قوتابیاندا ، بەڵام تێکەڵاوی ئەو گیانە دەمرێنێت .

**تێکەڵاوی هۆکاری لاوازی داهێنـان ، و سنورداركردنی بەهرەکانە** : ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵبوونی هەر ڕەگەزێک بەڕەگەزی بەرامبەری ، ئەوەتا لێکۆڵینەوەیەک کە لە پەیمانگای دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە ( بۆن ) لە ئەڵمانیا ئەوەی دەرخستووە کە ، کوڕان و کچانی قوتابخانە تێکەڵاوەکان توانای داهێنانیان لاوازترە ، و بەهرەکانیشیان سنوردارترە ، کەچی بە پێچەوانەوە هەوڵی داهێنان ڕوونتر و باشترە ، و بەهرەکان زیاتر دەردەکەون لە قوتابیانی قوتابخانە یەک ڕەگەزەکان . تێکەڵنەبووەکان . .

**کۆتایی**

لە کۆتاییدا : پرۆفیسۆر ( نانسی بیدی ) لە لێکۆڵینەوە بەراوردیەکەیدا سەبارەت بە سەرچاوەکانی سەرکەوتن لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ، کە لە گۆڤاری پەروەردەیی ( الأمريكية ) لە ساڵی ( ١٩٩٩ ) دا بڵاوکراوەتەوە ، دەڵێت : نهێنی سەرکەوتنەکان لەوەدایە کە قوتابخانەی جیا هەبێت ، و پێشنیاری ئەو کارە دەکات ...

جا منیش دوا وتەم ئەوەیە کە : نابێت ئێمەی موسوڵمان دواڕۆژی پەروەردەیی و زانستی نەوەکانمان بەئاسانی بخەینە ئەگەری تیاچوون ، ئەوەش تەنها لەبەر چەند بۆچوونێکی تاک کەسی ، بەڵکو با متمانە بکەین لەسەر لێکۆڵینەوەکان ، و عیبرەت لە ئوممەت و گەلانی تر وەرگرین ، خوای پەروەردگاریش زاناترە ... وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

سەرنوسەر : عدنان بارام .دەرچووی عەرەبی.

## بەهەشتی دونیا

الحمـد لله رب العـالمين والـصلاة والـسلام علـى رسـوله محمد ﷺ ، وعلى آله وصحبه أجمعين ، أما بعد :

ابن القيم ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت فەرموویەتی : بیستومە لە شێخ ئیسلام (ابن تيمية) ڕەحمەتی خوای لیٚ بیٚ فەرموویەتی : ((إن في الدنيا جنة من لم يدخلها لا يدخل جنة الآخرة)).واتە: بەڕاستی لە دونیادا بەهەشتێك هەیە هەرکەس پێی نەگات ئەوا ناگات بە بەهەشتی قیامەت .

جا با بزانین بەهەشتی دونیا کامەیە؟

بەڵیٚ بەڕێزان : بەهەشتی دونیا بریتی یە لە خۆشەویستی خوای گەورە ، و ئیمان پیٚ هێنانی ، وشوێن کەوتنی پەیامبەری خوا ،و کردەوەی چاکە کردن ، ئەوە تا خوای گەورە دەفەرمویٚ : ﴿ مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ﴾ (النحل: ٩٧ ) واتە : هەرکەسیٚ کردەوەی چاکی کردبیٚ و بڕواداریش بوو بێت لەنێر یان لە میٚ ئەوە سوێند بەخوا بەژیانێکی کامەران و ئاسوودە لە دنیادا دەیژێنین .

بەڵیٚ خۆشەویستان : ئەم ژیانە کامەران و ئاسودەیە هیچ کەسێك تامی ناکات و چێژی لیٚ نابینێت ئەگەر ئیمانێکی پاك و پوختی نەبێت ، کە بەداخەوە خەڵکانێکی زۆر بە دوای بەختەوەری و ئاسودەیی و کامەرانی دا وێڵن ، و پەنا بۆ زۆر شت دەبەن بە ئاواتی ئەوەی بەختەوەر و ئاسودە بن ، هەندێك پێی وایە ئاسودەیی لەوەدایە کە دەوڵەمەند بیت ، هەندێکی تر وا دەزانێت خۆشبەختی و ئاسودەیی لە بڕوانامەی بەرز و پلەو پایە دایە ....

لەڕاستی دا ئەم بەهەشتی دونیایە بەوە نایەتە دی کە تاوەکو نیوەشەو لەسەر فەیسبوك لەگەڵ کچان چات بکەیت ، بەوە نایەتە دی کە بەردەوام گویٚ لە گۆرانی و مۆسیقا بگریت ، بەوە نایەتە دی کە لەگەڵ هاوڕێی خراپ مەشروب بخۆیەوەو خۆت سەرخۆش بکەی ، بەوە نایەتە دی کە نوێژەکانت ئیهمال بکەیت و تاوەکو نیوەڕۆ بخەوی ، بەوە نایەتە دی کە کاتەکانت لە سەیرکردنی یاری تۆپێن ، و نێرگەلە و جگەرە کێشان بەسەر بەریت .

مرۆڤی ژیر دەتوانێت بەهەشتی دونیا و قیامەت بەدەست بێنێت بە مەرجێك خۆی نەداتە دەست نەفسی بەدکار و شەیتانی نەفرەت لێکراو .

پێشینانی ئێمە فەرموویانە : ئەو چێژ و لەزەتەی کە ئێمە لە شەونوێژدا دەیبینین و هەستی پیٚ دەکەین ئەگەر کوڕی سوڵتانەکان بیانزانیبا بە شمشێر لێیان دەسەندین .

بەڵیٚ زۆر جار کردنی دوو ڕکات شەو نوێژ لە شەوێکی سارد و تاریکدا و دەست بەرز کردنەوەیەك بۆ لای خوای گەورە و پاڕانەوەیەکی بە کوڵ لە سەدان وتار و ئامۆژگاری سوودی زیاترە ، بەڵام بەداخەوە ئێمە هەستمان پیٚ نەکردووە و کەمێکمان نەبێت تاقیمان نەکردۆتەوە.

بەڵیٚ بەڕێزان : هەر ئەم چێژ و لەزەتە بووە کە وای لە پێشینانی کردووە کە فەرمویانە :

هەندیٚ جار هەست بە خۆشی و لەزەتێك دەکەم کە بەسەر دڵمدا دێت ئەگەر ئەهلی بەهەشت ئەو خۆشیانە هەبێت ئەوە بەڕاستی لەنیعمەت و خۆشی وشادی دان .

یان فەرموویانە : ئەو خۆشی و ئاسودەیی و لەزەتەی کە من هەستی پیٚ دەکەم لە بەهەشتدا هەبیٚ و ئەهلی بەهەشت هەستی پیٚ بکەن و لە خۆشیەکی وا دابن والله ئەوان لە ناز و نیعمەت و خۆشیەکی زۆر گەورەدان.

بەڵیٚ خۆشەویستان : ئەگەر دەتەوێت هەر لە دونیادا تام و چێژی ئەو بەهەشتە بکەی ئەوا :

خوای گەورەت خۆش بوێت و ئیمانی تەوات پێی هەبێت ، و فەرمانەکانی جیٚ بەجیٚ بکە ، و خۆت بەدوور بگرە لە قەدەغەکراوەکان ، وە هەر کات نەفسی

بەدکار و شەیتان ڕایانکێشای بۆ تاوانێك بیر بکەرەوە و بزانە کە خوای گەورە دەتبینێت و چاودێرە بەسەرتەوە ،و بزانە کە ڕۆژێك دێت لە بەرامبەر خوای گەورە ڕادەوەستی بۆ لێپرسینەوە ، وانەزانی کاتێك کە بەتەنها دەبیت لە ژوورێکدا دەرگا دادەخەیت و تاوان دەکەیت کەس ناتبینێت ، بزانە و باش بزانە کە ڕۆژێك دێت هەموو نهێنیەکانی تێدا ئاشکرا دەبێت ، ئەو تاوانەی کە تۆ لە نێو چوار دیوار دەیکەی سبەینیٚ لە ساحەی مەحشەر ئەبێت یەك بە یەکی تاوانەکانت بخوێنیتەوە ، ئای چ سەرشۆڕیەکە ، توخوا برای شیرینم خوشکی ئازیزم تاوان ئەمە سەرەنجامەکەی بێت حەق نیە کە هەرگیز توخنی نەکەوین؟ حەق نیە ئێمە شەو و ڕۆژ سەرزەنشتی خۆمان بکەین ؟ ئاخر بۆ دەبێت ئێمە ئەوەندە بیرمان لای تەخەروج کردن و تەعین بوون بێت یەك تۆز بیرمان لای قەبر و قیامەتی خۆمان نەبێت؟ کە هیچ شەك و گومان نیە کە سبەینیٚ ئەم دونیایە بە جیٚ دێڵین و بە تاك و تەنهایی دەخرێینە ناو قەبرێکی تاریك و تەنگەوە کە تەنها و تەنها کردەوە چاکەکانمان سودمان پیٚ دەگەیەنێت ، مادام کە ئێمە بڕوای تەواومان بەم ڕۆژە هەیە ئیتر چاوەڕێی چی بکەین و بۆ لە خەوی غەفڵەت ڕانەچەڵەکێین و بیرێك لە حاڵی خۆمان بکەینەوە و وەڵام بۆ ئەو دوو فریشتە ئامادە نەکەین کە پرسیارمان لیٚ دەکەن ؟ باشە چ زەمانەتێك هەیە کە ئێمە بە جوانی وەڵامیان دەدەینەوە؟ ئەی نازانی گوێڕایەڵیت بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە و نوێژ و عیادەتەکانت دەبنە زەمانەتێك بۆ ئەوەی تۆ وەڵامی ئەو دوو فریشتەیە بە جوانی بدەیتەوە و پاشان قەبرەکەت بۆ ڕوناك و فراوان دەبێت ؟

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**جلیل إبراهیم – دەرچووی پەیمانگای ئیسلامی کوردستان**

*******************

## برای لاوم ئایا دەتوانیت لە کاتی تاوانکردندا خۆت لە خوای گەورە بشاریتەوە؟

برام تۆ کاتێك دەرگا لە سەر خۆت دادەخەیت، بەشێوەیەك کە کەس ناتبینێت، لەو کاتەشدا پاڵنەرە شاراوەکانی ئارەزوو دێنەچالاکی و جووڵان و بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن کە لە ڕێگەیەوە بڕونە دەرەوە، ئا لەو کاتەدا و پێش ئەوەی ئەندامەکانت بخەیتەگەڕ بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێك، بیر لەوە بکەرەوە کە خوای گەورە دەتبینیٚ و دەزانیٚ چی لە ناختدا هەیە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ الْكَبِيرُ الْمُتَعَالِ (٩) سَوَاءٌ مِنْكُمْ مَنْ أَسَرَّ الْقَوْلَ وَمَنْ جَهَرَ بِهِ وَمَنْ هُوَ مُسْتَخْفٍ بِاللَّيْلِ وَسَارِبٌ بِالنَّهَارِ﴾ (الرعد).

واتە: خوای گەورە زانایە بە هەموو بینرا و و پەنهانییەك و لە هەموو شتێك گەورەترە و بڵند و باڵادەستە بە سەر هەموو شتێکدا، یەکسانە بە لای ئەوەوە ئەگەر ئێوە ووتەی ئاشکرا بکەن یان بیشارنەوە، یان لە تاریکی شەودا تاوان بکەن یان بە ئاشکرا و لە ڕۆژی ڕووناکدا ئەنجامی بدەن.



بۆیە برام خۆم تۆ ئەگەر لەو کاتەدا ئەم ڕاستیە بێنیتە یاد و پێش چاوی خۆت ئەوا هەرگیز ناوێری تاوانەکە بکەی، شاعیر دەڵێت:

وإذا خلوت بريبة في خلوة والنفس داعية إلي العصيان

فاستحيي من نظر الإله وقل لها إن الذي خلق الظلام يراني

واتە: ئەگەر لە کاتی خەڵوەت و تەنیاییدا تووشی دڵە ڕاوکێیەك بووی و نەفست بۆ لای تاوان ڕای دەکێشایت، ئەوا شەرم بکە لە وەی کە خوای پەروەردگار دەتبینێت و بە نەفست بڵیٚ: ئەی نەفسی بەدکارم ئەوەی کە تاریکی

دروووست کردووە دەمبینێت.

فلاح حسن دەرچووی ئینگلیزی – هەولێر

## سێ لە سەرپێچی یەکانی ئافرەتان کە پێویستە ئاگاداریان بن

الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله،وبعد :

**١– چوون بۆ لای فاڵچی و قاوە گرەوەکان کە ئەمە لە نێو ئافرەتان زۆر باوەو بڵاو بووەتەوە، پەنا بە خوا ئەمە تاوانێکی زۆر گەورەیە و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگاداری کردووینەتەوە،**(من أتى عرافا فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين يوماً) **ئەمە ئەگەر تەنها بچیت بۆ لای کە نوێژی چل ڕۆژت قبوڵ نابێت، وە کە باوەڕشت پێی هێنا ئەوە ئیمانەکەت سفر دەبێتەوە و دەبیتە کەسێکی کافر پەنا بە خوا** (من أتى كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد ﷺ )،مسلم.

**جا بۆ هەر مەبەستێك بێت، ئەم کارە درێوو ناشرینە هەندێك لە خوشکانی موسوڵمانی مولتەزیمیشی تێ کەوتووە بەوەی کە جن چووەتە لە شێوەو زۆر هەوڵی داوە بۆ ئەوەی خوای گەورە شیفای بدات، بەڵام چاك نەبووەتەوە ، پاشان چووە بۆلای کەسێکی لە خوا نەترسی کافر، تاوەکو هاوکاری بێت.**

**٢– لەبەر کردنی هەندێك پۆشاك کە نە خوا پێی ڕازی یە نە نێردراوەکەی خوا نە خێزانەکەی نە کۆمەڵگاکەی، زۆر لە خوشکان هەیە حساب بۆ دایك و باوکی هەر ناکات کاتێك ئامۆژگاری دەکەن بۆ دوور کەوتنەوە لەو پۆشاکە ناشەرعیانەی کە خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، خوشکی بەڕێزم خۆت بۆ ئەو گورگانە مەڕازێنەوە کە هەردەم لە کەمیندان بۆ لە ناو بردنتان، تۆ بڕوانە مرواری کە لەژێری ژێرەوەی دەریادایە و خۆش شاردووەتەوە، بەلام خەڵکی عەوداڵن بە دوایداو دەیدۆزنەوە هەرچەند کە خۆی ون کردووەو شاردراوەتەوە بەڵام هەر بە نرخە.**

**٣– سەرکەوتنی ئافرەتان بەتەنها لەگەڵ تەکسیەکاندا ، ئەمەش یەکێکە لەو کارە ناشەرعیانەی کە تێی کەوتوون،** (لايخلوه أحدكم بامرأة إلا مع ذي محرم) متفق عليه.

**خوشکی بەڕێزم هەموو ئەمانە بۆ ئێوەی بەشەرم حەیایە ، هەوڵ بدە کەسێکی بەرەوشت و لە خوا ترس بی و وەکو دایکە عائیشە وابە ، هەوڵ بدە بگەی بە لیقای ئەو.**

**لە کۆتاییدا بەفەرمووودەیەك ئاگادارتان دەکەمەوە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕۆژێکیان فەرمووی (قەلەڕەشێك هەیە کە زۆر جیاوازە لە ناو قەلەڕەشەکاندا بەوەی کە دەنووکی و قاچی سوورە جاری وا هەیە لە ناو یەك پۆل لەوانەدا تەنا یەك دانەی تێدایە جاری وا هەیە هەر تێدا نیە، مەبەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوە بوو کە زۆر کەمەو دەگمەنە، پاشان فەرمووی ئافرەت ئاوا دەچێتە بەهەشتەوە، وەکو ئەو کەمی یەی قەلەڕەشانە، پەنا بە خوا ، والله خوشکان دۆزەخ زۆر سامناك و بە ئازارە . تەقوای دەوێت و لە خواترسانی دەوێت، بۆئەوەی لێی دوور بکەوینەوە، چونکە چوار دەوری دۆزەخ ڕازاوەتەوە بە خۆش و چوار دەوری بەهەشتیش بە ناخۆش و ئازار چەشتن.**

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**هێمن عبدالكريم – دەرچوی کۆمپیوتەری هەولێر**

**قال معاذ بن جبل (رضي الله عنه):(( عليكم بالعلم ، فإن طلبه عبادة، وتعلمه لله حسنة ، وبذله لأهله قربة ، وتعلمه لايعلمه صدقة ، والبحث عنه جهاد ،ومذاكرته تسبيح )) الدليمي ٤١/٢،فتاوي إبن تيمية ٤٢/٤ .**

**واتە: پێویستە لەسەرتان بەدوای زانیاریدا بگەڕێن، چونکە گەڕان بەدوای زانیاریدا عیبادەت و خواپەرستییە، هەروەها فێربوونی زانیاری خێرو چاکەیە، گەیاندنی زانیاری بە خەڵك نزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە، فێرکردنی ئەو کەسەی کە نایزانێت خێرە،گەڕان بەدوایدا تێکۆشانە، هەروەها وەبیر هێنانەوەی زانیاری زیکرو یادی خوایە.**

## جوامێری لە ئیسلامدا

**الحمد لله رب العالمين ، و الصلاة و السلام على رسولنا و على آله و أصحابه و اتباعهم. و بعد:**

**جوامێری و پیاوەتی لە هەر نەتەوە و ئاینێکدا بوونی هەبووە و هەمیشە لە چیرۆك و سەرگوزەشتەی میللەتانی کۆن و نوێ دا باسکراوە ، هەر میللەتێك و هەر دینێك لەوانەیە پشکی باس و خواسی جوامێری پیاوانێکی لە خۆ گرتبێت، هەروەها لەبەر چاومان بێت کە ئەم ئاینە پڕ میهر و جوانیەی ئیسلام کە سەری هەڵدا ، کاتێکی ئێجگار نارەحەت و ناهەمواربوو ، چونکە جوامێری و چاکە کاری و پیاوەتی بە نزیکەیی لەنێو ڕۆشتبوو ، مەگەر بە چیرۆك باسکرابێت ، یاخود جوامێران زۆر کەمبوون لەوکاتەدا، هەر لەبەر ئەوها هۆکارانێکبوو کە خودای گەورە ڕەحمەت و بەرەکەتی خۆی بەسەر مرۆڤایەتیدا داباراند و سومبلی چاکەکاری و ئەخلاق جوانی ڕواندەوە، ئەوەتا ڕەسولی خودا فەموویەتی ( من نێردراوم بۆ ئەوەی ئاکارە جوانەکان بگەیەنمە چڵەپۆپە و تەواوی ) هەروەها گەلێك هانی شوێنکەوتوانی دەدات بۆ ئەنجامدانی کاری چاك و مەردایەتی و جوامێری، هەر لە سود بەخەڵك گەیاندن و نارەحەتی لەسەر لابردن و کۆمەك و قەرزی قەرزار دانەوە و ناندانی برسیەکان و دەستگرتنی هەژاران.. بەڵگەشمان فەرمایشتی جوانی پێغەمبەرە نازدارەکەمانە ﷺ:** (( أحبّ الناس إلى الله أنفعهم للناس ، وأحبّ الأعمال إلى الله عز وجل سرور تدخله على مسلم ، أو تكشف عنه كربةً ، أو تقضي عنه دَيناً ، أو تطرد عنه جوعاً ، ولأن أمشي مع أخي المسلم في حاجة أحب إليَّ من أن أعتكف في المسجد شهراً ، ومن كفَّ غضبه سَتَرَ الله عورته ، ومن كَظَمَ غيظاً ولو شاء أن يُمضيه أمضاه ، ملأ الله قلبه رضاً يوم القيامة ، ومَن مشى مع أخيه المسلم في حاجته حتى يثبتها له ، أثبت الله تعالى قدمه يوم تزلُّ الأقدام ، وإن سوء الخُلُق لَيُفْسِد العمل كما يُفْسِد الخلُّ العَسَل )) .

[ رواه ابن أبي الدنيا وحسَّنه الألباني ] .

**واتە: خۆشەویستترین خەڵك بەلای خوداوە بەسودترینیانە بۆ خەڵك ، وە خۆشەویسترین کار لای خودا ئەو خۆشیەیە دەیخەیتە دڵی موسڵمانێکەوە ، یان نارەحەتیەکی لەسەر لادەبەیت ، یان قەرزێکی بۆ دەبژێرێت ، یان برسێتیەکەی نایەڵیت ، بەراستی ئەگەر لەگەڵ برایەکی موسڵمانمدا بچم بۆ پێویستیەکی خۆشتر و باشترە لام لەوەی مانگێك لە تایبەتکاری بەندایەتی بم لە مزگەوت ، هەر کەسێك نورەبوونی خۆی بگرێتەوە خودا ستری دەکات ، هەرکەسێك هەڵچونی خۆی بخواتەوە لە کاتێدا دەتوانێ چی لەدەست بێت بیکات ، ئەوا خودا لە قیامەتدا پڕی دڵی دەکات لە ڕەزامەندی ، هەرکەسێك لەگەڵ براکەیدا بڕوات تاوەکو کارەکەی دادەمەزرێنێت ، خودا لە ڕۆژی لەرزینی پێیەکاندا – قیامەت – پێ چەسپاو و دامەزراوی دەکات ، وە بەڕاستی خراپی هەڵسوکەوت کردارەکان گەندەڵ دەکات هەروەکو ئەوەی کە خەڵ هەنگوین دەگەنێنێت.**

**هەروەها خودای مُتعال هانی بەندەکانی دەدات بۆ ماڵ بەخشین بە ویستی پاك و لە ڕێگەی خودا:** ﴿ مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴾. (البقرة: ٢٦١)

**واتە: ئەوەی لەماڵەکەی دەبەخشێتەوە لەڕێگەی خودادا ، وەکو یەك دانە تۆو وایە کە بڕوێت و حەوت تەڵە گوڵ بڕوێنێت ، وە هەر تەڵە گوڵێك سەد دانە تۆوی تێدابێت ، وە خودا بۆ هەرکەسێك بیەوێ زیاتری دەکات ، خودا فراوان و زانایە.**

**بەراستی فراوانە لە بەخشیندا ، زانایە بە کردار و گوفتار و ویستی دڵەکانمان..!**

**داواکارم لەو پەروەردگارەی بێ هاوەڵ و هاوتایە دڵ و دەرونمان پاکبکاتەوە و وامان لێ بکات بتوانین**

جوامێر بین... ئامین

## بلال جلال حداد / دراساتی ئیسلامی

## وەسفی قورئان بۆ ژیانی دونیا

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ، وبعد :

ژیانی دونیا ئەو ژیانە کورتەیە کە خوای گەورە بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی دروستیکردووە تا چاکەکار و خراپەکار لە یەکتر جیابکاتەوە ، و هەریەکێکیان بە پێی کردەوەی خۆی پاداشت بداتەوە ، کەواتە ئامانج لە دروستکردنی ئەم ژیانە لەلایەن خوای گەورەوە بریتیە لەوەی کە بە تاك و تەنهایی پەرستش بۆ ئەو ئەنجام بدرێت و کەسیتر نەکرێت بە هاوبەشی ، بەلاّم ئەوەی جێی داخ و سەرسوڕمانە زۆرینەی مرۆڤەکان لەم ڕاستیە تێنەگەیشتوون یان نەیان ویستووە تێبگەن ، بۆیە دەبینین ئەوانەی کە یەکتاپەرستن زۆر کەمترن لەوانەی کە هاوبەش بڕیاردەرن لە ڕووی ژمارەوە .

جا ئەم ژیانەی کە زۆرینەی مرۆڤەکانی لە خشتە بردووە و گومڕای کردوون ژیانێکی کورتی بڕاوەی پڕ لە نارەحەتیە وەکو خوای گەورە بە نموونەیەك ئەم ڕاستیەمان بۆ ڕووندەکاتەوە و دەفەرموێت : ﴿ وَاضْرِبْ لَهُمْ مَثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاءٍ أَنْزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيمًا تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُقْتَدِرًا ﴾ (الكهف :٤٥) واتە : نموونەی ئەم ژیانی دونیایە لە جوانی و ڕازاوەیی و فەوتان و لەناوچووندا وەکو ئەو ئاوە وایە کە لە ئاسمانەوە دەیبارێنینە سەر زەوی ، ئەوجا تێکەڵ بە ڕووەك و تۆوی ناو زەوی دەبێت و هەموو تەرزە گژوگیایەکی جوان و هەمەجۆری پێ سەوز دەبێت ، و هەندێکیان تێکەڵ بە هەندێکیان دەبن و زەوی دەڕازێننەوە ، کەچی لە دوای ماوەیەك دەبێتە پووش و پەلاش و با پەرش و بلاوی دەکاتەوە ، وە هەمیشە و بەردەوام خوای گەورە بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانا و بەدەسەلاّتە .

بەو شێوەیە ئەگەر ژیانی دونیا ماوەیەکیش خۆشی تێدا بێت ئەوا ماوەکەی کورتە و هەردەبێت ئەو ڕۆژە بێت کە ئەم زەویە زیندەوەری تێدا نەمێنێت و هەمووی بمرێت .

جا کە ژیانی دونیا بەو شێوەیە بێت هەق نیە ئێمەی مرۆڤ پێداچوونەوەیەك بە بیروباوەڕ و ڕەوشت و پەرستنی خۆماندا بکەین و پاك و پوختی بکەین بۆ خوای گەورە ؟

هەق وایە هەموومان دەستی پەشیمانی بەرز بکەینەوە بۆ لای خوای گەورەو بە چاوی پڕ فرمێسك و دڵی پڕ لە داخ و خەفەتەوە لە خوای گەورە بپاڕێینەوە لە تاوانی ڕابردوومان خۆش بێت و بەڵێنیش بدەین خۆمان بەدوور بگرین لە تاوان و سەرپێچیەکان ، خۆمان بەدوور بگرین لە هاوبەش بۆ خوا بڕیاردان و فەوتاندنی نوێژی بەیانی و جادوو کردن و داوێن پیسی و گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا و پەیوەندی ناشەرعی و ... هتد .

کۆتا ئامۆژگاریشم بۆ خوێنەرانی خۆشەویست ئەوەیە ساتێك بە بێدەنگی و بە دڵێکی کراوەوە بیر لە مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە بکەنەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُمْ بِاللَّهِ الْغَرُورُ * إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴾ ( فاطر : ٥ – ٦) .

واتە : ئەی خەڵکینە بەڕاستی بەڵێنی خوا ڕاستە کە بەڵێنی پێداون بەوەی زیندوو دەکرێنەوە و پاشانیش بە پێی کردەوەکانتان پاداشت دەدرێنەوە ، جا با ژیانی دونیا هەڵتان نەخەڵەتێنێ و فریوتان نەدات بەو چێژ و خۆشیە کاتیانەی کە تێیدایە ، وە با شەیتانی فریوکار بە بەخشندەیی و ڕەحمی خوا فریوتان نەدات و تەماع بخاتە پێشتان و پێتان بڵێ : ڕەحمی خوا زۆرە ! هەرچەندە گوناە بکەن خوا هەر لێتان خۆش دەبێت . بێگومان شەیتان دوژمنتانە دەسا ئێوەش ئەو بە دوژمن بگرن و ڕەفتارەکانی وەلانێن ، چونکە ئەو شوێنکەوتوانی خۆی بانگ دەکات بۆ ئەوەی ببنە

نیشتەجێی دۆزەخ .والحمد لله رب العالمين

**إدريس محمود / دەرچووی یاسا**

## خوشکی من گەڕانەوەی ڕاستەقینە

## توێشووە بۆ ڕۆژی دوایی ....

الحمد الله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد:

**خوشکی موسوڵمان: پێویستە زۆر بەخێرایی لە گوناهو تاوانەکانت پەشیمان بیتەوە و بگەڕێیتەوە بۆلای ئەو خودایەی کە زانایە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایەك و بە بەزەیی خۆی نهێنیەکانی پاراستوویت...**

**گەڕانەوەی ڕاستەقینە بۆلای پەروەردگار ، توێشووی چاکەکارانەو سەروەت و سامانێکی گەورەیشە بۆدونیاو بۆ ڕۆژی دوایش...**

**بەگەڕانەوەو پەشیمانی ڕاستەقینەش نەبێت، لە ڕۆژی دواییدا ڕزگارت نابێت .. ئەم گەڕانەوەیەش پێویستی بەم شتانە هەیە: (( دڵسۆزیەکی چاك و نیەتێکی پاکت هەبێت بۆ پەروەردگارت و بەتەواوی پشتی پێببەستیت.. ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە جێگەی ڕەزامەندی پەروەردگارە .. دورکەوتنەوەو ئەنجام نەدانی هەموو ئەو کارانەی کە دەبێتە هۆی تورەیی پەروەردگار))**

**خوشکی ئازیز: لەم ئایەتە پیرۆزەی پەوەردگارت ووردبەرەوە، کە دوای پەشیمانی و گەرانەوەت لێدەکەن بۆ لای پەروەردگار**﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ (٥٣)**الزمر. واتە: ئەی پێغەمبەر** (ﷺ) **پیان بڵێ : خودا دەفەرموێت: ئەی بەندەکانم .. ئەوانەی خۆیان تاوان بارکردووە و هەڵەیان زۆرە ، نائومێد مەبن لە ڕەحمەتی خودا ، چونکە بێگومان ئەو خودایە زۆر لێخۆشبوو و لێبوردەیە و زۆر بەسۆزە میهرەبانیشە٠** ﴿وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنْ السَّيِّئَاتِ وَيَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ﴾ (٢٥) الشورى ٠

**ڕوناکی گەڕانەوەو پەشیمانیش لەفەرمودەکانی پێغەمبەری خودا** (ﷺ) **ڕەنگی داوەتەوە ، هەروەك دەفەرموێت:** (يا أيها الناس توبوا إلى الله واستغفروه فإني أتوب في اليوم مائة مرة) رواه مسلم ٠**واتە: ئەی مرۆڤەکان بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارو داوای لێخۆش بوونی لێبکەن٠ بەدڵنیاییەوە من ڕۆژانە سەد جار داوای لێخوش بوون و گەڕانەوەو بۆلای پەروەردگار دەکەم)**

**بزانە ئەوە پێغەمبەری خودایە** (ﷺ) **کە لە هەموو گوناهو تاوانێك پارێزراوە و پەروەردگارلە گوناهو تاوانی پێش وپاشی خۆش بووە، کە چی ڕۆژانە سەد جار داوای گەڕانەوەو لێخۆش بوون لەپەروەردگاری دەکات!!**

**ئەی تۆ ڕۆژی چەند جار داوای لێخۆش بوون لەپەروەردگارت دەکەیت؟! خۆزگە ڕۆژی تەنها دەجار ، بەڵکو تەنها جارێك داوای لێخۆشبونێکی ڕاستەقینەت لە پەروەردگارت بکردایە و بگەڕایەیتەوە بۆلای ..**

**خوشکی بەڕێز: مافەکانی پەروەردگار زۆر لەوە گەورەترن کە من و تۆ پێیان هەستین و جێبەجێیان بکەین و مافی خۆی پێبدەین، لەبەر ئەوە پێویستە بەیانیان و ئێواران بەگەڕانەوەو داوای لێ خۆش بوون بۆ پەروەردگار بەسەر بەرین...**

**بهێنە پێش چاوی خۆت و خەیاڵی ئەوە بکە کە هەموو هیواو ئاواتەکانی ژیانی دونیایی گەشتی ئەوەی ویستت دەستت کەوت ، پاشان لەکت وپرێکدا بەبێ سود هەموویت لە دەستدا٠ بەدڵنیاییەوە چاوەکانت پر لەئەسرین دەبێت و غەم و خەفەت ڕوخسارت دادەپۆشێت و پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت ٠**

**ئەی ئەگەر ئەو لە دەست چوونە ، لەدەست چوونی تەمەنت بێت!! ئەو تەمەنەی کە لە گەوهەر ومرواری بەنرخترە و بەهیچ شتێك بەراورد ناکرێت !**

**تەمەنیش لە هەناسەکان پێکهاتووە ، کاتێك هەناسەیەك هەڵدەمژیت و پاشان هەناسەکە**

دەدەیتەوە ، ئەوا بزانە ئەو بەشەی تەمەنت کە لەگەڵ هەناسەکەدا رۆیی هەرگیز ناگەڕێتەوە .. ئەوهەناسانە سەروەت و سامانی بەنرخی تۆن و دەتوانی بە هەشتی پێ بکڕیت، دەی بۆ بەفیرۆی دەدەیت و ناگەرێتەوە بۆلای پەروەردگار؟!

کاتێك فریشتەی گیان کێشان خۆی نیشانی مرۆڤێك دەدات، پەشیمانی و هەناسە ساردی لە ڕوخساری ئەو مرۆڤەدا بەدی دەکات و ئەگەر هەموو دونیا موڵکی ئەو کەسە بووایە دەیبەخشی و دەیدا ، بۆئەوەی ڕزگاری بێت بەڵام بەداخەوە ناتوانێت!! خودای پەروەردگار دەفەرموێت﴿وَأَنْفِقُوا مِنْ مَا رَزَقْنَاكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوْلا أَخَّرْتَنِي إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُنْ مِنَ الصَّالِحِينَ (١٠) وَلَنْ يُؤَخِّرَ اللَّهُ نَفْساً إِذَا جَاءَ أَجَلُهَا وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (١١)﴾ المنافقون .واتە: لەو ماڵ و سامان و زانستی هێزو دەسەڵاتەی کە پێمان بە خشیوون ، ئێوەیش لێی ببەخشن و دەستی بەسەردا مەگرن و قۆرخی مەکەن ، پێش ئەوەی کە مردن یەخە بەیەکێکتان و بڵێت: پەروەردگارا خۆزگە ماوەیەکی کەمی تر مۆڵەتت بدامایە تا خێروچاکەم بکردایە و ماڵ و سامانم ببەخشیایە و بچوومایەتە ریزی چاکانەوە ....

جا ئەو داخوازییە بەجێ نییە ، چونکە ڕۆژی هەر کەسێك تەواو بوو کاتی مەرگی هەر کەسێك هات هەرگیز خوا دوای ناخات و مۆڵەتی بۆ تازە ناکاتەوە ، خوایش زۆر بەئاگایە بە هەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن داخ وئەسەف بۆ تۆ ، کاتێك مردن هات و فریای گەڕانەوە بۆلای پەروەردگارت نەکەوتی فریانەکەوتی ئەسرینی پەشیمانی هەڵڕێژیت ... پەشیمانی بۆتۆ بۆ ئەو کاتەی فریشتەی گیان کێشان ( ملك الموت) دێت و پەلی دەستت دەگرێت و دەتبات و تۆیش هیچ ئامادەکاریەکت تێدانیە .. داواکارم لە خوای گەورە من و تۆو هەموو موسڵمانان ی دیکە لەو کەسانە بگێرێت کە هەمیشە دەمیان پاراوکردووە بە یادوو زیکرو تەوبەو پەشیمانی و گەرانەوە .... امین

ئەژین صدیق / کۆلێژی پەروەردەی کەلار / بایۆلۆجی

## چۆن خوێن بەربوونی لووت ئەوەستێنی

-١بە هێمنی نەخۆشەکە دانیشێنە.

-٢بە توندی لووتی لە خوار ئێسقانی لووتی یەوە لە نێوان هەردوو پەنجەدا بۆ ماوەی ١٠ خولەك یان هەتا خوێنەکە دەوەستێت بگرە.

ئەگەر ئەوە سوودی نەبوو:

بە پارچەیەك شاش، یان پارچە قوماشێکی نەرمی خاوێن لووتی بئاخنە، با بەشێکی پارچە قوماشەکە بەدەرەوە بێت، ئەگەر کرا پێش ئەوە پارچە شاشەکە بە وازەنین (ڤازلین) چەور بکە. پاشان لووتی بۆ ماوەی ١٠ خولەکی دیکەش بگووشە.

دوای خوێن وەستانەکە، شاشەکە بۆ چەند سەعاتێك بهێڵەوە، پاشان بە هێواشی دەری بکە. ئەگەر کەسێك زوو زوو خوێنی لووتی بەربوو، ئەوا با ناو لووتی ڕۆژی دوو جار بە وەزەنین چەور بکات.

خواردنی بەردەوامی سەوزەو تەماتە و پرتەقاڵ، دەبێتە هۆی بەهێز بوونی دیواری بۆریەخوێنەکان و لەوانەیە ئەگەری خوێن بەربوون کەم بکاتەوە.

لە بەتەمەنەکاندا، شوێنی خوێن بەربوونەکە لەوانەیە لە بەشی دواوەی بۆشایی لووتدا بێت، لەبەر ئەوە لەوانەیە گرتنی لووت هیچ سوودێکی نەبێت. لە حاڵەتێکدا خوێن بەربوونەکە بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانەی سەرەوە نەوەستا، کەسەکە دابنیشێنە، سەری بۆ پێشەوە شۆربکاتەوەو پارچە تەپەدۆرێك یان هەر شتێکی تر بە ددانەکانی بگرێت و هەوڵ نەدات خوێنەکە قووت بدات، هەتا خوێنەکە دەوەستێت (ئەو تەپەدۆرەی بە ددانەکانی گرتوویەتی ناهێڵێت ئەو کەسە خوێنەکە قووت بدات، لەبەر ئەوە خوێنەکە زووتر دەمەیێت و دەوەستێت).

ئەگەر بەم هەنگاوانەی لە سەرەوە باسمان کردوون خوێن بەربوونەکە نەوەستا، بەزوویی داوای یارمەتی پزیشکی بکە.

بەشی پزیشکی لە ماڵپەڕی بەهەشت

**سەرکەوە لەگەڵماندا** (اركب معنا)

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسلام على إمام الموحدين سيدنا رسول الله ﷺ:

ئای چەند مرۆڤ لەگەڵ گومڕاکاندا تیاچووەو سەری لێ شێواوە، بە هۆیەوە شایستەی نەفرەت وسزاو تۆڵەی خوا بووە تا ڕۆژی دوایی، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی کە ناوەرۆکی یەکخواپەرستی بەجێ نەهێناوەو بە گوێرەی پێویست مافی خۆی نەداوەتێ وخوا بەتاك وتەنهایی ناناسێت ، چونکە خوا پەروەردگاری تاك وتەنهایە بەشێوەیەك کەبەندە پشت بەکەس نابەستێت ئەونەبێت، ئومێدی گەیشتنی نیە تەنها بە دیداری پیرۆزی ئەونەبێت، لە کەس ناترسێت تەنها ئەونەبێت ، تەنها بە ناوی ئەوەوە سوێند دەخوات ، نەزرو سەربڕینی تەنها بۆئەوە، تۆبەو پەشیمانی دەرنابڕێت تەنها لە پێشگای بەسۆزی ئەونەبێت و لەبەر ئەو نەبێت ، ئائەمەیە بەجێ هێنانی کرۆکی یەکخواپەرستی کەهیچ خوایەك شایستەی پەرستش نیە تەنها الله نەبێت .....

سەیری هاوەڵی بەرێزی معازی کوری جبل بکە .... کاتێك بەرێدا دەرۆیشت لەدوای پێغەمبەرەوە ﷺ... لەپڕ پێغەمبەر رووی وەرگێرا بۆلایی و لێی پرسی :

ئەی معاز : ئایا دەزانی مافی خوا چیە بەسەر بەندەکانیەوە و مافی بەندەکانیش چیە بەسەر خواوە؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن و دەزانن ٠

پێغەمبەریش فەرمووی مافی خوا ئەوەیە کە بەندەکان بەتاك وتەنهایی بیپەرستن و هاوبەشی بۆ ڕەوا نەبینن ....وە مافی بەندەکانیش ئەوەیە کە هەر کەس بەو کارە هەستا بەرێك وپێکی ئەوا خوا سزای نەدات...

وە لە لایەکی ترەوە هاوەڵی بەڕێز عبدالله ی کوڕی مسعود پرسیار لە پێغەمبەر دەکاو دەڵێ: گەورەترین تاوان بەلای خواوە چیە وکامەیە؟ پێغەمبەریش دەفەرموێت ئەوەیە کە هاوشێوەوهاوبەش بۆ خوا دابنێیت، لەکاتێکدا ئەو تۆی بەدی هێناوە ....

بەڵێ بەڕێزان: یەکخواناسی و تەنها ئەو پەرستی ئەو ئامانج ومەبەستەیە کە خوا تەواوی پێغەمبەرانی بۆ ڕەوانە کردووە ئەگەر گومانت هەیە ئەوەتا لە قورانە دەفەرموێت﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَسُولاً أَنْ اُعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ وەتاغوتیش هەرکەس وشتێکە کە جگە لە خوا بپەرسترێت لە بت ودارو گۆڕ وبەرد.....

یەکخواپەرستی و خوایەکناسی کارو ئاواتی هەرەگرنگ و لەپێشی هەموو پێغەمبەران بووە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَاسْأَلْ مَنْ أَرْسَلْنَا مِنْ قَبْلِكَ مِنْ رُسُلِنَا أَجَعَلْنَا مِنْ دُونِ الرَّحْمَنِ آلِهَةً يُعْبَدُونَ﴾بەڵکو هەموو دورستکراوەکانی مرۆڤ و جنۆکە تەنها بۆئەوە بەدی هێنراون کەخوا بەتاك و تەنهایی بپەرستن ، خوای گەورە دەفەرموێت﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾

بەرێزان هەموو کردوەکانی مرۆڤ دەوەستێنرێت و سەرنج دەدرێت ، هەرکردەوەیەك بۆجگە لەخوا ئەنجام درابێت ئەوا رەد دەکرێتەوە و وەرناگیرێت بەڵکو بۆ ئەو کەسەیە کەبۆی کراوە ٠

وەلە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کە دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بەقەد فراوانی زەوی بەگوناهو تاوانەوە بگەرێیتەوە بۆ لام هیچ شتێکت نەکردبێتە هاوبەشم و شرکت بریارنەدابێت ئەوا بەقەد فراوانی زەوی بەلێخۆشبونەوە دێم بەرەو ڕووت....!!!!

لەبەر گەورەیی و بەپێزی ئەم باسە کە پێغەمبەران ترساون لەوەی نەمێنێت لەناوخەڵکیدا و ون بێت!

ئا ئەوە باوکی یەکخواپەرستانە وتێك شکێنەری بت و پەیکەرەکان و بونیاد نەری کەعبەی موسڵمانان.... (إبراهيم) عليه السلام لەخوا دەپاڕێتەوە کە بیپارێزێ لە شرك ، جاکێ لەوە ناترسێت کە توشی بێت دوای ئیبراهیم؟!

پشتیوان حسن کەرەم

دەرچوی ئینگلیزی – سلێمانی

## پێغەمبەر(ﷺ) پێشەوای پارێزەرانی ژینگەیە!!

الحمد لله والصَّلاة والسَّلام على رسول الله، وعلى آله وصحبه أجمعين

بێگومان زاراوەی:(پاراستنی ژینگە )و هەموو ئەو زاراوانەی تر کە پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە، وەکو: ( هۆشیاری دەربارەی ژینگە)و (چاك بەکاربردنی ماددەکان لە سروشتدا)، لەو زاراوانەن کە لەم سەردەمەدا داهێنراون بۆ گرنگیدان‌و پاراستنی ئەو ژینگەیەی ئێمە تێیدا دەژین.

بەڵام کاتێك ئەو فەرمودەو ڕیوایەتانە دەخوێنینەوە کە دەربارەی ئەم کارە گرنگە هاتوون دەبینین پێغەمبەر(ﷺ) یەکێکە لە گەورەترین بانگەوازکارانی پاراستنی ژینگەو، بەردەوام موسڵمانانی هانداوە بۆ پاراستنی،وەکو لە فەرمودەیەکیشدا دەفەرموێت:

(مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَغْرِسُ غَرْسًا أَوْ يَزْرَعُ زَرْعًا فَيَأْكُلُ مِنْهُ طَيْرٌ أَوْ إِنْسَانٌ أَوْ بَهِيمَةٌ إِلاَّ كَانَتْ لَهُ الصَّدَقَةُ)،رَوَاهُ مُسْلِمٌ.

وە هەروەها دەبینین پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ کۆتایی ژیانی دونیاو هاتنی قیامەت، فەرمانمان پێ دەکات بۆ پاراستنی ژینگەو گەشەکردنی وەکو فەرموویەتی:

(إِنْ قَامَتْ عَلَى أَحَدِكُمُ الْقِيَامَةُ، وَفِي يَدِهِ فَسْلَةٌ فَلْيَغْرِسْهَا)قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح.

پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام داوای چاك بەکار هێنانی زەوی کردووەو نەهیکردووە لە داربڕین، و چاندنی دارو دانەوێڵەو زیندوو کردنەوەی زەوی بە کردەوەی چاك هەژمار کردوە، وەکو فەرموویەتی:

(مَنْ أَحْيَا أَرْضًا مَيْتَةً ، فَلَهُ فِيهَا أَجْرٌ)قال الشيخ الألباني : ( صحيح ) انظر حديث رقم : ٥٩٧٤ في صحيح الجامع.

پێغەمبەر(ﷺ) زانیویەتی کە زانست‌و قودرەتی خوای پەروەردگار هەموو شتێکی گرتۆتەوە، لەبەرئەوە خراپ هەڵس‌و کەوت کردن لەگەڵ هەر دروستکراوێك لە دروستکراوەکانی خوا جا ئەو دروستکراوە بونەوەرێکی زیندوو بێت، یان هەر سەرچاوەیەکی تری سروشت بێت، تاوانێکەو مرۆڤی لەسەر سزا دەدرێت،بەڵکو گیانداران‌و زەوی‌و دارستانەکان‌و سەرچاوە ئاویەکان مافیان هەیەو پێویستە بپارێزرێن، خۆ کاتێك خوای گەورە مرۆڤی کردووە بە جێنشین لەزەویدا فەزڵی داوە بەسەر هەموو دروستکراوەکانی تردا، لە هەمان کاتدا نەهی کردوە لەوەی مرۆڤ خۆی بەگەورە بزانێت‌و ڕێز لە دروستکراوەکانی تر نەگرێت لە بەرئەوە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُم ﴾الأنعام: ٣٨.

وە هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) گیانلەبەرانی خۆش ویستووە، چۆن وانەبێت کە دروستکراوی خوان‌و پێویستە مامەڵەی باشیان لەگەڵدا بکرێت،سەرباری ئەوە فەرمانیشی کردووە لە کاتی سەربڕیندا چەقۆی تیژ بەکار بهێندرێت" بۆ ئەوەی کەمترین ئازاریان پێ بگات،وە نەهیکردووە لە تیژکردنی چەقۆ بە بەرچاوی گیانلەبەرەکەوە، یان سەربڕینی یەکێکیان بەبەرچاوی ئەوی تریانەوە!پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لە بەفیڕۆدانی ئاو لە کاتی دەست نوێژگرتندا، وە نەهی کردووە لە پیس کردنی ئاو یان میز کردنە ناو ئاوی وەستاو"چونکە ئاو سەرچاوەیەکی سروشتیەو پێویستە بپارێزرێت، سەرچاوەی ئەم گرنگی پێدانەی پێغەمبەرمان(ﷺ) بە ژینگە لە ڕێنماییەکانی قورئان‌و باوەڕبوون بە وەحدانیەتی خوای گەورەو جێنشینی مرۆڤ لەسەر زەوی سەرچاوەی گرتووە" چونکە ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات باوەڕ بە خالقی خوا بهێنێت بۆ گەردوون‌و خۆی بە بەرپرسیار بزانێت بەرامبەر بە پەروەردگاری لەوەی کەلەبەر دەستیایەتی: ﴿ لِلَّهِ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا فِيهِنَّ ﴾ المائدة: ١٢٠،لە کۆتایدا سڵاوو ڕەحمەت بۆ گیانی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە (ﷺ) دەنێرین کە لە هەموو بوارێکدا ڕێنمایی کردوین.

کوردستان عومەر ، ی.پزیشکی.

## خوێنەکانی لەشی ئافرەت وحوکمی هەریەکەیان لەشەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا

خوشکانی بەڕێزو خوێندکارانی ئازیز بۆ ئەم ژمارە نوێییەی بلاْوکراوەی زانست ئەم بابەتەم بۆ ئامادە کردون هیوادارم لێی سودمەندبن وهۆکارێك بێت بۆ شارەزا بوون لەبابەتێکی گرنگی شەرع کە تایبەتە بە ئێوەی بەڕێز، وە هیوادارم وەلاْمێك بێت بۆ پرسیارە شاراوەکانتان کە تا ئێستا لەبەرشەرم یاخود هەر هۆکارێکی تر قەتیس ماوە لەناختاندا، خوشکانی ئازیز سێ جۆر خوێن هەن لە لەشی ئافرەتدا کە هەر جۆرە و حوکم وتایبەتمەندی خۆی هەیە ئەو سێ جۆرە خوێنەش ئەمانەن (خوێنی بێ نوێژی) و (خوێنی زەیسانی) و (خوێنی نەخۆشی) . کەئێمە لێرەدا تەنها باسی یەکەم جۆریان دەکەین پاشان بەویستی خوا لەژمارەکانی داهاتودا باسی جۆرەکانی تریش دەکەین.

**خوێنی بێ نوێژی ( الحیض ):**

**پێناسەکەی:**

خوێنی بێ نوێژی: بریتیە لەو خوێنەی کە لە شوێنی منالْبوونی ئافرەتەوە دەردەچێت لە کاتی لەش ساغیو پێگەیشتنی داو لە چەند ڕۆژێکی دیاری کراودا، بەبێ هۆی منداڵ بوونی یان پەردەی کچێنی لاچوونی. وەئەم خوێنە پێشی دەگوترێ « خوێنی سوڕی مانگانە»، چونکە لە هەموو مانگێکدا چەند ڕۆژێ دەکەوێتە سەر ئەم خوێنە، وە لەزمانی عەرەبی دا پێی دەوترێ (حیض) کە لە ئەصلی زماندا بەمانای «سیلان» ڕژانو لەبەر ڕۆیشتن دێ.

( المغني١/٣١٣، المحلی٢/٢٢٠، المجموع٣/٣٤٢، فقه السنة١/١٥٨ )

**کاتەکەی:**

شەرع کەمو زۆری تەمەنی ئافرەتی نەکردوە بە پێوەر بۆ دیاری کردنی سەرەتای ئەو تەمەنەی کە ئافرەت تێیدا دەکەوێتە بێ نوێژیەوە، بەلْکو دەرکەوتنی خوێنەکەی کردووە بە پێوەر بۆ سەرەتای تەمەنی کەوتنە سەر خوێن، ئیتر لە هەر سالێکی تەمەندا بێ. وەهەروەها پێ دەچێ سوڕی مانگانەی کەوتنە سەر خوێن درێژە بکێشێ تا کۆتایی تەمەن( المجموع٢/٣٧٤)

**ڕەنگەکەی:**

مەرجە خوێنی بێ نوێژی لەسەر ڕەنگێك لەم ڕەنگانەی خوارەوە بێ :

١- سورێکی تۆخی مەیلەو ڕەش:

بەلْگەش بۆ ئەوە: « فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ»کاتێ توشی خوێنی نەخۆشی بوو، پێغەمبەر«ﷺ» پێی فەرموو: ((ئەگەر خوێنەکە خوێنی بێ نوێژی بێ، ئەوا ڕەنگەکەی مەیلەو ڕەشەو دەناسرێ، ئەگەر ئەو خوێنە بوو ئەوە لە ماوەی کەوتنە سەر ئەو خوێنە واز لە نوێژکردن بهێنە، بەلاْم ئەگەر خوێنەکەی تریان بوو ، ئەوا دەستنوێژبگرەو نوێژبکە چونکە ئەوە خوێنی دەمارە نەك خوێنی بێ نوێژی)) حديث حسن : سنن أبي داود – كتاب الطهارة).

٢- سوور : بەلْگەی سووریەتی ڕەنگەکەی ئەوەیە کە ڕەنگی سوور ڕەنگی ئەصلی خوێنە.

-٣زەرد: ئەویش جۆرە ئاوێکە لەکاتی بێ نوێژی دا لە لە شوێنی منالْبوونی ئافرەتەوە دێتە خوارەوەو زیاتر مەیلەو زەرد دەردەکەوێت.

٤- لێلْو بۆر: بەلْگەش بۆ ئەوە:

«عَلْقَمَةَ بْنِ أَبِى عَلْقَمَةَ» لە دایکیەوە دەیگێڕێتەوە کە خزمەتکاری عائشە بوو دەفەرموێت: ئافرەتان لەناو قوتووەکانیان دا لۆکەیان دەنارد بۆ عائشە کە زەردی پێوە بوو، عائشەش فەرمووی :« پەلەمەکەن هەتا لۆکەکە بە سپێتی دەبینن‌و زەردایی پێوە نامێنێ، مەبەستی بەوەش پاکبوونەوە بوو لە بێ نوێژی.

(قال الشيخ الألباني:حديث صحيح، انظر إرواء الغليل ١٩٨. )

لە گێڕانەوەیەکی تر دا هاتووە کە عائشە فەرموویەتی: ((ئەگەر خوێنی بینی با واز لە نوێژ بهێنێ، تاوەکو پاکێتییە سپیەکە دەبینێ، کە وەکو زیو دەردەکەوێ پاشان خۆی بشوات و نوێژ بکات)) قال الشيخ الألباني:حديث

صحيح، انظر إرواء الغليل ١/٢١٩.

وە ئەو ئاوە زەردباو لێڵو بۆرەش کاتێ دەکرێتە نیشانەو سەلمێنەری بێ نوێژیو بە بێ نوێژی دادەنرێ کە ئافرەتەکە لە سووڕی خوێندا بێ و لە ڕۆژانی حەیزدا بێ، ئەگەر نا بە حەیز دانانرێ.

**ماوەکەی:**

شەرع لایەنی کەم و زۆری کەوتنە سەر خوێنی دیاری نەکردووە، بۆیە بۆ زانینو پەی بردن بە ماوەی بێ نوێژیو پاکبوونەوە، شەرع عادەتی ئافرەتەکە خۆی کردۆتە پێوەر بۆ ئەوەی چەندێ لە بێ نوێژی دا دەمێنێتەوە، بەڵام زۆربەی زۆری عادەتی ئافرەتان شەش تا حەوت ڕۆژە، دەکرێ لەوە زیاتر بێو دەشگونجێ لەوە کەمتر بێ؟!

بەڵگەش بۆ ئەوە:«عَائِشَةَ» خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ:«أَمَّ حَبِيبَةَ»پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد دەربارەی خوێنی بێ نوێژی، پێغەمبەریش پێی فەرموو:«امْكُثِي قَدْرَ مَا كَانَتْ تَحْبِسُكِ حَيْضَتُكِ ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي».واتە «واز لە نوێژ بهێنە بەگوێرەی ئەوەی کە بێ نوێژیەکەت توش دەبێ، پاشان خۆت بشۆو دەست بکە بە نوێژ«صحيح مسلم - كتاب الحيض- باب المستحاضة وغسلها وصلاتها - حديث : ٥٣٠-٥٣١ .

»أُمُّ سَلَمَةَ »پرسیاری لە پێغەمبەری خوا ﷺکرد لە بارەی ئافرەتێکەوە ، خوێنێکی زۆر لە گیانی دێت ، ئەویش فەرمووی:« با تەماشا بکات ، بەماوەی ئەو شەو و ڕۆژانەی کەلە پێش دا تێیدا تووشی حەیز دەهات لەمانگێك دا ،پێش ئەوەی تووشی ئەوە ببێت کە تووشی بوو ، جا-لەوماوەیەدا - واز لە نوێژ بێنێت ، جا ئەگەر ئەوە نەما باخۆی بشوات و خۆی باش پاك بکاتەوە پاشان نوێژ بکات.قال الشيخ الألباني :إسناده صحيح على شرط الشيخين: انظر صحيح أبي داود - (٢ / ٣١/ ٢٦٥).

إن شاء الله لە ژمارەکانی داهاتوودا باسی جۆرەکانی تردەکەین ، بۆزیاتر شارەزابوون بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی پەرتووکی (فقهی شەرعی ئافرەتان)ی

بەڕێز(د.کاوە أکرم).ئامادەکردنی :ئە: صلاح فائق مردان

# کۆمەڵێك لەسوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ

موسوڵمانی سەنگین بێباوەران و دوژمنانی ئیسلام هەرجارەو بەشیوازێك لەشێوازەکان بەپێنووسە بۆگەنەکانیان یان لەڕێگای فلیم و کاریکاتێرەکانیانەوە دەکەونە گیان ئەم ئاینە پیرۆزەو بەگومانی خۆیان ڕێگە لەبڵاوکردنەوەی ئەم ئاینە پیرۆزە دەگرن ، بەڵام نازانن رووباری پاکی ئیسلام بەچیلکە و پوشی ئەوان هەرگیز ناوەستێت .. هەربۆیە لێرەدا کۆمەڵێك لەسوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ دەخەینە ڕوو بەهیوای ئەوەی کەوا هەموومان پێشبڕکێ بکەین لەجێبەجێکردنیاندا چونکە لەراستیدا تاکە ڕێگایەك کەوا خۆشەویستی تەواوی ئێمە دەسەلمێنێت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بریتیە لەشوێنکەوتنی سوننەتە پیرۆزەکانی .

١ - پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامدانی کارەکانی بە (لای ڕاست)ی بووە : دایکی ئیمانداران عائیشە(ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی:بەدڵنیایی پێغەمبەری خوا ﷺ پێی خۆشبوو کەوا لەڕاستەوە دەستپێبکات کاتێك کەخۆی پاك دەکردەوە وە کاتێك قژی دادەهێنا وە کاتێك کەوا نەعلی لەپێدەکرد.هەربۆیە سوننەتە کەوا یەکەمجار دەست وقاچ یان هەرئەندامێکی ترمان لای ڕاستەوە پاك بکەینەوە وە لەڕاستەوە پێڵاو یان نەعل لەپێبکەین و هەروەها بەڕاستدا پرچی دادەهێنا .

٢ - پێغەمبەری خوا کلی بەکاردەهێنا بۆچاوە پیرۆزەکانی : لەهاوەڵی خۆشەویستەوە ابن عمرەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :کل بەکاربێنن چاو ڕوون دەکاتەوەو موو دەردەچێنێ .

٣ - پێغەمبەری خوا ئەنگوستیلە (کلکەوانە) ی زیوی لەدەستی ڕاستی دەکرد : عبدالله ی کوڕی ئیمامی عمر (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموویەتی :

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنگوستیلە (کلکەوانە)ەیەکی زیوی هەڵبژارد.وە جابریش ( ڕەزای خوای لێبێت ) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنگوستیلەکەی لەدەستی ڕاستی دەکرد .

٤ – شێوازی دانیشتنی پێغەمبەری خوا : لەئەبی سعیدی خودریەوە دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ لەمزگەوتدا دانیشتبوو وە دەستەکانی و پشتی بەیەکەوە کۆکردبووەوە ((بەجۆرێك بەهەردوو دەستی هەردوو ڕانی گرتبوو وە نووساندبووی بەسکیەوە و پشتی دەدا بە دیوارێکەوە)) .

٥ – ئەوە ژیانی پێغەمبەری خوا بووە ﷺ : لەدایکی ئیماندارانەوە دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی: خاوو خێزانی پێغەمبەر ﷺ دوو ڕۆژ لەسەریەك تێرنەبوون لەنانی جۆ تاکو پێغەمبەری خوا ﷺ گیانی سپارد . کەواتە ئارامگرتن لەسەر نەبوونی و برسێتی لەسوننەتە پیرۆزەکانی پێغەمبەرمانە ﷺ .

٦ – لەباوکی ئوسەیدەوە دەگێڕنەوە کەوا فەرموویەتی : پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی : ڕۆنی زەیتون بخۆن و لاشەتانی پێ چەوربکەن چونکە لەدارێکی پیرۆزە .

٧ – پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لەبۆنی خۆش بووە : لەسومامەی کوری عبدالله وە گێراوەتەوە کەوافەرموویەتی : ئەنەسی کوری مالك بۆنی خۆشی ڕەت نەدەکردەوەو پاشان دەیفەرموو : پێغەمبەری خوا ﷺ بۆنی خۆشی ڕەتنەدەکردەوە .

٨ – پێغەمبەری خوا ڕووخۆش و دەم بەخەندە بووە : عبدالله ی کوری حارسی کوری جەزء فەرموویەتی : هیچ کەسێکم نەبینیوە کەوا زیاتر لەپێغەمبەری خوا ﷺ بەخەندەتر بێت. (( بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ قاقای پێکەنینی نەکردووە بەڵکو تەنها دانە پیرۆزەکانی دەرکەوتوون و بزەی پێکەنین بەلێوی موبارەکیەوە دیاربووە )) .

٩ – پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ سوعبەتی ڕەوای دەکرد : ئیمامی حەسەن فەرموویەتی : جارێکیان ژنێکی بەساڵاچوو هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ و ووتی:ئەی پێغەمبەری خوا ! لەخوا بپارێوە بمخاتە بەهەشتەوە ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی ((ئەی دایکی فڵان ! ئەوانەی بەساڵاچوون ناچنە بەهەشتەوە )) ،حەسەن فەرمووی ژنەکە بەگریانەوە دوورکەوتەوە . ئینجا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی پێی ڕابگەیەنن کەوا ((خەڵکی بەپیری و بەساڵاچووییەوە ناچنە بەهەشتەوە))...مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لێرەدا ئەوەبوو کەوابەگەنجی و کیژۆڵەییەوە دەچێتە بەهەشتەوە .

١٠ – پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ زۆر خاکی و خۆبەکەمزان بووە : ئەنەسی کوری مالك دەفەرموێت خۆشەویسترین کەس بەلامانەوە پێغەمبەری خوابوو ﷺ کەچی کاتێك دەمانبینی لەبەر پێی هەڵنەدەستاین چونکە دەمانزانی پێی ناخۆشە .

١١ – پێغەمبەری پایەبەرز ﷺ زۆر نەرم و نیان بووە : لە عائیشەی خێزانی پێغەمبەرەوە گێراوەتەوە کەوا فەرموویەتی : هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ بەدەستەکانی لە کەسێکی نەداوە مەگەر لەکاتی تێکۆشان لەپێناوی خوادا ، وە هەرگیز لەخزمەتکارێك یان لەئافرەتێکی نەداوە .

لەکۆتاییدا هەڵویستەیەك دەکەم و دەڵێم کییە وەکو پێغەمبەری نازدارمان ﷺ سەرکردایەتی سەدان هەزار هاوەڵی کردبێت و لەهەمان کاتدا خۆبەکەمزان و داددوەر و نەرم ونیان و خزمەتکارو ڕاستگۆ و دەستپاك و قسەخۆش و پاك و خاوێن و بەحیکمەت بێت ؟!!!! هەربۆیە داواکارم لەخوای باڵادەست کەوا بمانکاتە خزمەتکاری ئەم دینە پیرۆزە و لەفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی شەیتان و بێباوەران بمانپارێزێت ، وە دامەزراومان بکات لەسەر دینە پیرۆزەکەی خۆی و لەسەر ئاکارو ڕەوشتە هەرە بەرز و جوانەکانی پەیامبەرەکەی ﷺ . وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**محمد نجم صالح_كۆلێژی پزیشكی_زانكۆی سلێمانی**

**بخۆن و بخۆنەوە بەڵام زیادەڕەوی مەكەن!**

**خوای گەورە لە قورئانداده‌فەرمووێت**﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴾ الأعراف ٣١، **واتە : ئەی نەوەی ئادەم خۆتان برازێننەوە بە پۆشینی پۆشاكی جوان لە كاتی هەموو نوێژو چونە ناو مزگەوتێكدا، وبخۆن و بخۆنەوە (لە نازو نیعمەتەكان) بەڵام زیادەڕەوی مەكەن" چونكە بەڕاستی خوای پەروەردگار لەسنور دەرچووان و زیادەڕەوانی خۆش ناوێت.جا بێگومان خوای گەورە كە مرۆڤی دروست كردووە چەند غەریزەیەكیشی لە ناخی ئەم مرۆڤەدا خوڵقاندووە،غەریزەی خواردن و خواردنەوەش یەكێكە لەم غەریزانە، خوای گەورە لە قورئانە پیرۆزەكەیدا دەفەرمووێت:**﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ ﴾ **واتە: بخۆن و بخۆنەوەو زیادەڕەوی مەكەن تێیاندا، وە پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **دەفەرمووێت:** (أُبَايِعُونِي عَلَى أَنْ لَا تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا تَزْنُوا وَلَا تُسْرِفُوا)، البخاري.

**واتە: بەڵێنم پێ دەدەن لەسەر ئەوەی كە شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن و زینا نەكەن و زیادە ڕەوی نەكەن؟عكرمە**(رضي الله عنه) **لەسەر**﴿ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْ ﴾**دەڵێت:**(فِي الثِّيَابِ وَالطَّعَامِ وَالشَّرَابِ)،**واتە: زیادەڕەوی لە پۆشاك وخواردن و خواردنەوە.هەڵبەت** ﴿ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْ ﴾ **سێ ڕاڤەی بۆ كراوە:.**

١. **زیادەڕەوی مەكەن لە حەرامكراوەكان. (السدی)**
٢. **حەرام مەخۆن لەبەرئەوەی زیادەڕەویە.(ابن زید)**
٣. **زیادە ڕەوی مەكەن لە خواردن"چونكە هەر زیادەیەك لە دوای تێر بوون زیانبەخشە.**

**وە پێغەمبەری خوا**(ﷺ)**دەفەرمووێت:**( مَا مَلأَ ابْنُ آدَمَ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنِهِ...)صححه الألباني في صحيح الجامع،**واتە: ئەوەی ئادەم هیچ دەفرێكی پڕ نەكردووە خراپتر بێت لە سكی...وە فەرمووشیەتی** (ﷺ):(كُلُوا وَاشْرَبُوا وَالْبَسُوا وَتَصَدَّقُوا، فِي غَيْرِ مَخِيلَةٍ وَلا سَرَفٍ، فَإِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ أَنْ يَرَى أَثَرَ نِعْمَتِهِ عَلَى عَبْدِهِ)، رواه إمام أحمد ،**واتە:بخۆن و بخۆنەوەو پۆشاك بپۆشن وبشبەخشن، بەبێ لە خۆبایی بوون و زیادەڕەوی كردن ، و بەڕاستی خوای گەورە پێی خۆشە نازو بەخششەكانی ببینێ بەسەر بەندەكەیەوە. ابن عباس**(رضي الله عنه) **دەفەرمووێت:** (كُلْ ما شِئْتَ ، وَالبَسْ مَا شِئْتَ مَا أَخْطأتك خصلتان : سَرَفٌ ومَخِيلة) رواه البخاري،**واتە:ئەوەی حەز دەكەی بیخۆ، وە ئەوەی حەز دەكەی بیپۆشە ، بەبێ ئەم دوو خەسڵەتە :زیادەڕەوی و لە خۆ بایی بوون!! كەواتە: لەم ئایەت وفەرموودانە بۆمان دەردەكەوێت كە زیادەڕەوی لە خواردن و خواردنەوە حەرامە، خوای گەورەش ئەو كەسانەی خۆش ناوێت كە زیادەڕەوی دەكەن.لێكۆڵەرانی فینلندا دەڵێن: ئەگەر مرۆڤ تەنها سیتسەمێكی خواردن دابنێت و زیادەڕەوی تێدا نەكات وپشت ببەستێت بە ڕێژەیەكی دیاریكراو لە خواردن، بەتایبەت لە خواردنی ڕووەكی، ئەوە دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی ڕێژەی كۆلیسترۆڵ و كەم كردنەوەی فشاری خوێن، وە ئەم دووانەیان هۆكاری سەرەكین بۆ مردنی لەناكاو!! سوپاس و ستایش بۆ خوای باڵادەست كە دژی زیادە ڕەویەو فەرمانیشمان پێ دەكات بەوەی كە زیادەڕەوی نەكەین، هەروەكو دەفەرمووێت:**﴿ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ ﴾ **، وە هەر كەسێكیش ئەم ئایەتە جێبەجێ بكات ئەوا بە دوورە لە زۆربەی نەخۆشیەكان.كەواتە: بۆمان دەركەوت كە زیادەڕەوی كردن لە خواردن هۆكارێكە بۆ نەخۆشی گەلێك! جا بۆ ئەوەی لەشێكی تەندروست و ساغت هەبێت . بە ویستی خوا . خۆت بە دوور بگرە لە زۆر خۆری و زیادەڕەوی كردن.**

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنْ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

م.سۆران عثمان ڕەسوڵ، دەرچووی ئامار، ز.صلاح الدين.

## ئایا پۆشاکی شەرعی تەنها ئەو لەچکەیە کە خوشکانمان ئەی پۆشن؟

الحمد الله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد :

**ئایا پۆشاکی شەرعی تەنها ئەو لەچکەیە کە خوشکانمان لەسەری ئەکەن!!؟؟وەك ئاشکرایە زۆرێك لە خوشکانمان دڵخۆشن و وە خۆیان بە کەسێکی پۆشتە ئەزانن لە کاتێکدا تەنها حیجابێکی ئاساییان کردووە یاخود لەچکیان کردووەو پانتۆڵیان لەپێ کردووە ، یان پۆشاکەکانیان تەسکن یاخود بۆن لە پۆشاکەکانیان ئەدەن یاخود حیجابێکی مۆدێرن ئەکەن!!، کە ئەمانە گشتیان پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامن،خوای گەورە بەم جۆرە جلانە رازی نیە، وە بە پۆشاکی شەرعی دانانرێت، چونکە خوای پایە بەرز خۆی لە قورئانە پیرۆزەکەیدا بۆی باسی پۆشاکی شەرعی ئافرەتان کردووین کە دەفەرموێت** ﴿وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ ...﴾(النور:٣١)**واتە: بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ چاویان بپارێزن (لە سەیرکردنی نا مەحرەم) داوێنی خۆیان بپارێن لە گوناه وە جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی خۆی دیارە با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینە و مل یاندا،**

**وە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت** ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا...﴾ (الأحزاب:٥٩) **واتە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بە خێزانەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ خۆیان دابپۆشن بە پۆشاکێکی شەرعی ئەوە باشترین شتە کە پێی بناسرێن...**

**کە پۆشاکی شەرعی ئەو پۆشاکەیە کە خوای گەورە لە ئایەتەکەی سەرەوەدا باسی ئەکات کە وابوو جگە لەم جۆرە پۆشاکە بەلای خوای گەورە بە پۆشاکی شەرعی دانانرێت،وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین فەرموودەدا بۆی روونکردوینەوە،لەم فەرموودەیەدا دەبارەی تەسکی پۆشاکی ئافرەتان ئەفەرمووێت** (صنفان من أهل النار لم أرهما ... ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات، رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها، وان ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا)(رواه أحمد ومسلم في الصحيح).**واتە: دوو جۆر لە خەڵکە هەن دەچنە دۆزەخەوە من نەمبینیون، ئافرەتانێك کە پۆشتەن بەڵام وەك ڕووتن (پۆشاکەکانیان تەسکە یا تەنکە یا کورتە) رووتن لا دەرن لە ڕاستی و هاندەری ئافرەتانی تریشن و بە فیزو لار و لەنجەوە دەڕۆن بەرێوە، وە قژیان وەك کۆپارەی حوشتر لە پشتەوە بەرزدەکەنەوە، ئەوانە نەدەچنە بەهەشت وە نە بۆنی بەهەشتیش دەکەن لە کاتێکدا کە بۆنی بەهەشت ئەوەندە و ئەوەندە دەڕوات،لەبەر ئەوە خوشکی بەڕێزم ئاگاداری جۆری پۆشاکەکەت بە بزانە چ پۆشاکێك ئەپۆشیت هەرگیز نەیکەیت دڵت خۆش بێت تەنها بەو لەچکەی کە ئەیکەیت ، چونکە باش بزانە پۆشاکی شەرعی لە بنی پێکانتەوە تا سەرەوەی لەشت ئەبێت داپۆشراو بێت وەك خوای گەورە لەم ئایەتەدا دەفەرمووێت :** ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ﴾ (النور:٣١).**واتە:وەبا جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی خۆی دیارە با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینە و مل یاندا**

**بێ گومان لەشی ئافرەتیش گشتی جوانیە لە پیکانیەوە بگرە تا سەری...خوشکی سەنگینم با شەیتان فیڵمان لێنەکات وە چیتر بێ فەرمانی خوای تعالى نەکەین..**

**چەند ئامۆژگارییەك بۆ خوشکانم :**

**خوشکی سەنگینم ئایا تۆ تاوانت ئەوەندە کەمە تا تاوانی گەنجانیش بێتە سەر شان بەهۆی خۆ دانە پۆشینت؟؟**

**خوشکی بەڕێزم ئایە ئەزانیت کەی ئەمریت؟؟ ئایا**

ئەزانیت تاکەی ئەژیت؟؟ ئایا گرنتی ئەوەت پێدراوە کە ئەچیتە بەهەشت؟؟ ئایا گرنتی ئەوەت پێدراوە لە سزای قەبر و دۆزەخ نەجاتت ئەبێت؟؟ئایا تا ئێستا بیرت کردۆتەوە کە رۆژێك هەر ئەگەرێیتەوە بۆ لای خوای گەورە؟؟ ئایا باب و باپیرانمان و هاورێیانمان بۆ کوێ رۆیشتن؟؟

خوشکی من ئایا ئەزانیت خۆ داپۆشینت ئەبێتە هۆی بتەوی قەڵای ئیمانت؟؟ ئایا ئەزانیت بە هێمنی و ئارامیت داپۆشراویت زیاتر بە نرخ ئەبیت ؟؟ خوشکی من نرخی تۆ بە داپۆشراویەوەیە نەك بە خۆ دەرخستن؟؟ خوشکە باشەکەم هەموو شتێکی بە نرخ داپۆشراوە تۆش خۆت دابپۆشە تا بەنرخ بیت؟؟

خوشکی من دەرگەی رەحمەتی خوا دانەخراوە گوێ بە لۆمەی خەڵکی مەدە و هەر ئێستا تەوبە بکە و پۆشاکی شەرم و حەیاو شکۆ بپۆشە دڵنیابە خوای تعالی لێت رازی ئەبێت خوشکە باشەکەم گوێ  بە قسەی لۆمەکاران مەدە سوێند بەوەی گیانی ئێمەی بە دەستە بەختەوەر ئەبیت وە دڵنیابە لەدوای یەکلای بوونەوەت بۆ خوا دڵخۆش ئەبیت خوشکی خۆم بەلە بکە تا ئەو کاتە نەهاتووە کە تەوبەی کردن نامێنێت...

بەلە بکە مەڵێ بەیانی یان مانگێکی تر یان دوای ئەوە ئەیکەم کێ ئەڵێت تۆ ئەگەیتە بەیانی یان مانگێکی تر ئەو کاتە چی ئەکەیت؟؟ چۆن تەوبە ئەکەیت؟؟ بە چ روویێك ئەچیتە بەردەم پەروەردگارت؟؟ بەلە بکە بەسە تاکەی دوای  دەخەیت؟؟

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

**ئا:ئادەم عوسمان / پەیمانگای کۆمپیوتەری رانیە**

================================

# ئایا ئەزانی ئەمریت.؟؟!

الحمد الله والصلاة والسلام على رسول الله وبعد

پرسیارەکەت بەلاوە سەیرە؟! جا گوێ بگرەو دڵتم بەرێ با من وەڵامت بەمەوە، بەڵێ ئەوە تۆی ئەمریت. زۆرکات وا هەست ئەکەین یان کارەکانمان بەشێوەیەك ئەنجام ئەدەین وەکو بڵێی نامرین.

سوێن بەوخوایەی گیانی من وتۆی بەدەستە چۆن ئێستا بەپێی خۆت ئەڕۆیت رۆژێك دێت پێیەکانت سست وساردن وبەسەر شان ئەتبەن بۆ کوێ...؟! بۆناو گۆڕ چۆن گۆڕێك.؟ تەسك، تاریك، بە تەنهایی ئەتخەنە ناو ئەو گۆڕەی کە دەمێکە چاوەڕوانتە بتکاتە خۆراکی خۆی.

* بۆ عەشقی کەسیك مەفەوتێنە سۆزی خودایی

* ئەو ڕۆژانەت لەیادنەچێ ئەتخەنە گۆڕی تەنیایی

برام خوشکی خۆم.... مردن خۆشیەکان لەناودەبات ئاواتەکان دەبڕێت ، بۆیە خۆتی بۆ ئامادەبکە و بیرکەوە ئیستا ڕازیت لەخۆت گیانت بکێشرێت..؟؟ ئایا شەرم ناتگرێت بەکارە خراپەکانتەوە بگەڕێیتەوە بۆلای خوا(جل جلالە) وا دابنێ ئێستا مردووی تەممەنای چیدەکەی..! ئەڵێی بمگەڕێننەوە بۆئەوەی تاوان بکەم.؟ یان شەریك بۆخوا بڕیاردەم یان لەگەڵ دایك و باوکم خراپ بم یان.... نا والله ئەڵێی باکاری چاك بکەم﴿رَبِّ ارْجِعُونِ لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ﴾ المؤمنون جا پێش ئەوەی بخرێیتە ناو گۆڕەوە بگەڕێوە بۆلای خوای پەروەردگار ، پێش ئەوەی (دوو فریشتەکە) لەناو گۆڕ ڕاتچەڵەکێنن پرسیارت لێبکەن پرسیار لەخۆت بکە تاچەن خوات لەخۆت ڕازی کردووە.؟؟ هەروەکو وەکو عمری کوڕی خطاب فەرموویەتی: (حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا) بەڕاستی  مردن بەسە بۆئەوەی ئامۆژگاری کەرمان بێت ، پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:(يتبع الميت ثلاثة: أهله وماله وعمله: فيرجع اثنان ويبقى واحد: يرجع أهله وماله ويبقى عمله) واتە: سێ شت دوای مردوو ئەکەوێ : کەسوکاری ماڵەکەی وکارەکانی: دوانیان ئەگەڕێتەوە ویەکێکیانی لەگەل ئەمێنێتەوە: کەسوکارو ماڵەکەی ئەگەڕێنەوە وکارەکانی ئەمێنێتەوە.

ئەوەش بزانە کەمردیت هیچ شتێکت نامێنێت تەنانەت ناوەکەشت بۆیە زۆرکات بیستومانە ناڵێن  فلان کەس بێنن بەڵکو ئەڵێن (جەنازەکە) بێنن، ئەوە قیمەتی تۆیە لە دونیایەکی دوابڕاوە. جا بۆ دنیا مەژی کفن نە گیرفانی هەیەو نە لەسەر مۆدێلیش ئەدورێ، بۆ دواڕۆژ بژی کە گەڕانەوە بۆلای خواو بەهەشتانێکە کە پانتاییەکەی ئەرزو ئاسمانەکانە.....

**ن.کاروان حمە باقی/ دەرچووی عەرەبی کەلار**

## حوکمی نوێژکردنی پیاوان بە پۆشاکی شۆڕەوە

## ( بەشی دووەم )

لە ئەڵقەی یەکەم بۆمان ئاشکرا بوو کە : زۆرێك لە نوێژخوێنان بە جلێکی حەرام و نەفرەت لێکراوەوە نوێژ دەکەن . نوێژکردنیش بەم جۆرە جلانەوە کارێکی پڕ مەترسیە و لای هەندێ لە زانایان دەبێتە هۆی قبوڵ نەبونی نوێژەکانیان ، ئەمەش قسەی من نیە بەڵکو لە (ابن مسعود) ەوە ﵁ هاتووە کە : دوو پیاوی بینی نوێژیان ئەکرد ، یەکێکیان جلەکەی لەخوار قاپدانیەوە بوو ئەوی تریان رکوع و سوژدەکانی بەباشی نەدەکرد ، فەرموی : ئەوەیان جلەکەی لە خواروی قاپدانیەوەیە خوای پەروەردگار سەیری ناکات ئەوی تریان خوای پەروەردگار نوێژەکەی قبوڵ ناکات و لێی وەرناگرێ :

ئیمامی عەلی فەرمویەتی :هەرکەسێك خوای پەروەردگار لە کردەوەیەکدا تەماشای نەکات واتە جێگەی ڕەزامەندی خوا نیە ، جا هەر کردەوەیەك جێگای ڕەزامەندی خوا نەبوو ئەوا بێگومان پوچەڵە .(المحلی ٣ / ٢٦٦)

هەروەها (ابن حزم) لە پرس و باسی : دروست نەبونی نوێژ لە کەسێك لەبەر فیز زلی جلەکەی شۆڕ کردبێتەوە ئەفەرموێت : لە (ابن عباس) ەوە : خوای پەروەردگار ناڕوانێ بۆ کەسێك جلەکەی لە خوار قاپدانیەوە بێت .

وە لە (عبد الله المرهبی) ەوە کە لە گەورە تابعینەکانە : لەوانەی پێش خۆیەوە دەیگێڕێتەوە (واتە : هاوەڵان) کە وتویانە : هەرکەس جلەکەی شۆڕ بکاتەوە بۆ خوار قاپدانی ئەوا خوای پەروەردگار نوێژەکانی لێ وەرناگرێ .

وە ئیمامی ( ذهبي ) فەرمویەتی : ئەوانەی کە ئەڵێن نوێژەکەی بەتاڵە وتەکەیان نزیکە لە ڕاستیەوە وە جل شۆڕکردنەوەیش تاوانی گەورەیە

وە سەبارەت بە پانتۆڵ شیخ ابن باز ئەفەرموێ : ئەگەر پانتۆڵ لەخواروی قاپدانەوە بێت ئەوە حەرامە لەبەر فەرمودەی پێغەمبەری خوا ﷺ : " ما أسفل من الكعبين من الإزار ففي النار " . ئەوەی پەیامبەری خوا دەربارەی ( الإزار) وتویەتی ئەوا لە جگە لەویشدا هەیە . بەم پێیە واجبە لەسەر مرۆڤ پانتۆڵەکەی یان هەر جلێکی تری بوو هەڵیکات کە لە ژێر قاپدانیەوەیەتی . وە ئەگەر نوێژی پێوە کرد و جلەکەی لەخوار قاپدانیەوە بوو ئەوا زانایان

ڕا جیاوازیان هەیە لەسەر دروستی نوێژەکەی ... هەیانە ئەڵێن نوێژەکەی دروست نیە چونکە ستری عەورەتی بە جلێکی حەرام کردوە ، ئەم زانایانەش لە مەرجەکانی ستری عەورەت ئەڵێن ئەبێ جلەکەی حەڵاڵ بێت ، بۆیە ئەگەر مرۆڤ بەجلی شۆڕەوە نوێژی کرد ئەوا لە مەترسی دایە ، لەسەریەتی لەخوا بترسێ و جلەکانی هەڵبکات تا ئەگاتە سەروی قاپدانی.

وە هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد و خستمانە ڕوو کە لەبەرکردنی جلەکە حەرامە ، سەبارەت بە نوێژکردن بە جلێك لەبەرکردنی حەرام بێت شێخ إبن عثيمين ئەفەرموێت : وە ئەوەی نوێژ بکات بە جلێکەوە کە حەرام بێت بۆی ئەوە نوێژەکەی دروست نیە ، وە لە جۆرەکانی جل و بەرگی حەرامیش جلی شۆڕ بۆ تکبر و فیز زلی ، بۆیە ئەوەی بۆ فیز و تکبر جلەکانی شۆڕ بکاتەوە ئەوە خوای پەروەردگار تەماشای ناکات . وە هیچ نوێژێکیشی قبوڵ نیە بەو جۆرە جلەوە کردبێتی ، ئەو کەسەش لە پیاوان جلەکەی لەخوار قاپدانیەوە بێت ئەوە لە ئاگردایە هەروەك پێغەمبەری خوا ئەفەرموێت : « ما أسفل من الكعبين فهو في النار ، »

وە لە ( الشرح الممتع على زاد المستقنع ) سەبارەت بە جل و بەرگ لە مەرجی سێ یەم ئەڵێ : دەبێت حەڵاڵ بێت و حەرام نەبێت ، حەرامیش سێ جۆرە :

یەکەم/ حەرامی خودی شتەکە

دووەم / حەرامی لە سیفەتێکی ئەو شتە

سێ یەم / حەرامی لە شێوەی بەدەستهێنانی شتەکە

حەرامی لەبەر خودی شتەکە : وەکو حریر ، کە

**بۆ پیاوان حەرامە، بۆیە ئەگەر پیاوێك بە پۆشاکی حەریرەوە نوێژی کرد ئەوە لەسەر ئەو مەرجە نوێژەکەی پوچەڵە چونکە ستری عەورەتی بە پۆشاکێکی حەرام کردوە ...**

**بەڵام حەرامی لە بەر سیفەتێکی ئەو شتە : وەکو ئەو جلانەی شۆڕن ، پیاوێك جلەکەی لە لۆکە دروست کراوە حەڵاڵە بەڵام شۆڕە و هالە خوار قاپدانیەوە ، پێی ئەڵێین: ئەمە حەرامە لەبەر ئەو سیفەتەی تیایدایە . لە خوار قاپدانەوەیە . وە نوێژکردن پێوەی دروست نیە چونکە ڕێگە پێنەدراوە ، وە خاوەنەکی تاوانبارە بە لەبەر کردنی ...**

**وە ئەگەر لەبەرکردنی جلی شۆڕ حەرام بێت ئەوا زانایان ڕاجیاوازن لەسەر قبولْ بوونی نوێژەکەی ، هەندێکیان وای ئەبینن نوێژەکەی پوچەڵە چونکە لە مەرجەکانی ئەوەی ستری عەورەتی پێدەکرێت ئەوەیە : بە جلێکی خاوێنی حەلالْ بێت ، جلی حەرام ستری عەورەت ناکات چونکە لەبەر کردنی قەدەغەیە .**

**وە هەندێك لە زانایان فەرمویانە نوێژەکەی دروستە بەڵام بەبەردەوام بوونی لەسەری فاسق دەبیْ و ئیمامەتی دروست نیە لای هەندیْ لە زانایان .**

**وە شێخ سعدی فەرمویەتی : بەڵام دروستی نوێژ و نادروستی بەو جلە حەرامەی پەیوەستە بە ستری عەورەتەوە ئەوا نوێژکردن بەو جۆرە جلانەوە جائز نیە نە فەرز و نە سوننەت تەنها بۆ کەسێك نەبێت کە نەزان بێت یان لە بیری چوبێت** . إرشاد أولی البصائر والألباب لنیل الفقة بایسر الطرق والاسباب لعلامة السعدي – (١ / ٣٦)

**سەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کە جلی شۆڕ بۆ پیاوان :**

**١/ حەرامە . ٢ / خۆچواندنە بە ئافرەتان .**

**٣ / دەبێتە هۆی بەتالْ بونەوەی نوێژ لەسەر رای هەندیْ لە زانایان چونکە ستری عەورەتی بە جلێکی حەرام کردوە . ٤ / گەر نوێژەکانیشی دروست بن بە بەردەوام بونی لەسەری فاسق دەبێت .**

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**ئامادەکردنی: هاوار عبداللە . دەرچوی کۆمەڵایەتی**

## مژدەی بەهەشت بۆ کچان و کوڕانی داوێن پاك!!

الحمْدُ للهِ، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى رَسُوْلِ اللهِ:

**خوێنەرانی ڕەوشت بەرزو ( زانست ) دۆست، ئاشکرایە کە ئێمەی گەنج لە ناو کۆمەڵگایەکدا دەژین، کە الحمد للە موسڵمانین، و خاوەنی چەندین داب ونەریت و ڕەوشتی جوانین، ئەمەش وایکردووە کە کوڕان و کچان بە شێوەیەکی گشتی پارێزراوبن لە کاری نا شەرعی و ناشیرین و نا مرۆڤانە!! کە ئەمەش یان لە ترسی ناو زڕان و سوکبوونە لە ناو کۆمەڵگادا، یان لە ترسی خوای گەورەیە کە ئەمەیان مەبەست و گرنگە، بۆیە دەمەوێت باسی گەنجانی داوێن پاك بکەم، و بەم گەنجە پاکانە بڵێم:**

**١- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت:** ( يَا شَبَابَ قُرَيْشٍ، احْفَظُوا فُرُوجَكُمْ لَا تَزْنُوا، أَلَا مَنْ حَفِظَ فَرْجَهُ فَلَهُ الْجَنَّةُ )، السلسلة الصّحيحة:١٩٩/٦. **واتە: ئەی گەنجانی قوڕەیش داوێنی خۆتان بپارێزن و زینا مەکەن، بۆیە ئاگاداربن هەر کەسێك داوێنی خۆی پاراست، ئەوا بەهەشتی بۆ هەیە). ئاشکرایە پێغەمبەر ﷺ ڕووی قسانی لە کۆمەڵی گەنجانە جا چ کوڕ بێت یان کچ، وە لە هەر نەتەوەیەکیش بێت چونکە:** (العِبْرَةُ بِعُمُوم اللّفظِ، لا بِخُصُوص السّبب)، القواعد والفوائد الأصولية وما يتعلق بها من الأحكام:٢٤٠/١. **وە هەروەها دەفەرموویت:** (يا فِتْيانَ قُرَيشٍ لا تَزْنُوا فَإِنَّهُ مَنْ سَلِمَ لَهُ شَبابُه دَخَلَ الجَنَّة)صحيح الترغيب والترهيب:٣٠٩/٢. **لەم فەرمودەشدا ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت کە گەنجان بە سەلامەت بوونی گەنجێتیان لە زینا، دەچنە بەهەشتەوە. بۆیە خۆشحاڵی و سەربەرزی بۆ ئەو گەنجەی کە ئەم تاوانە قێزەونە ناکات و بە پاکی خۆی ڕادەگرێت، تاوەکو خوای گەورە نیوەی ئیمانەکەی بۆ تەواو دەکات، و دەیگەیەنێت بە حەڵاڵی خۆی، بۆیە ئەم ژن ومێردە واجبە لەسەریان نیوەکەی تریش تەواو بکەن بە تەقوا، ئەی کە گەنجێك لە هەر تەمەنێکدا بێت کەوتە ئەم تاوانە گەورەوە پەنا**

به خوا!؟ ئەوا هەر زوو خۆی لە نیوەی ئیمان دادەڕنێت! بۆیە ئەم گەنجە ئەگەر تەوبەش بکات دوایی دەبێت هەموو هەوڵی ئەوە بێت کە ئەم نیوە ئیمانەی کە نەیماوە هەرنا تۆزێك ڕێك بکاتەوە، بۆیە پەشیمانی دادی نادات ! کە گەنجێکی خوا ناس بوو بێت دایم دەناڵێنێت و دەگریت بۆ حاڵی خۆی و دەلاڵێتەوەو لە ناخیدا ڕوخاوە، و خۆی بە شەرمەزار دەزانێت لای خوای گەورە!

**٢- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:** (مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الْجَنَّةَ) صحيح الجامع:٦٦١٧. **واتە:** (هەر کەسێك ئەوەی کە لە نێوان هەردوو لێوی و قاچەکانیدایە بپارێزێت، ئەوا زەمانەتی بەهەشتی بۆ دەکەم)، ئەمەش شتێکی ڕوونە کاتێك کە شەیتان بێ ئەمەل بوو لەوەی کە هاوار ناکەینە دارو بەردو گۆڕو لە پیاوچاکان ناپاڕێینەوە، هەوڵدەدات لە دوو شوێنی ترەوە بۆ مان بێت، ئەویش:

یەکەم: (زمان)، دیاریشە زۆربەی تاوانە گەورەکان بە هۆی زمانەوە دەبێت، وەکو: (کوفر، وبوهتان، ودرۆ...).

دووەم: (داوێن)، کە یەکێك لە هەرە تاوانە گەورەکان ئەنجامدەدات، بۆیە خوای گەورە لەگەڵ شیرك و کوشتن (قتل)دا باسیکردوە لە کۆتایی سوڕەتی: (فرقان)دا!

**٣- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:** (اضْمَنُوا لِي سِتًّا مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَضْمَنْ لَكُمُ الْجَنَّةَ...واحْفَظُوا فُرُوجَكُمْ...) صحيح الجامع: ١٠١٨ . **واتە:** ( شەش شت لە نەفسی خۆتان بپارێزن ئەوا زەمانەتی بەهەشتتان بۆ دەکەم...( یەکێك لەمانە( داوێنتان بپارێزن).

**٤- پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت:** (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ:..رَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وجَمَالٍ فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ..)، الجامع الصغير وزيادته:٥٩٢/١. **واتە:** (حەوت کەس لەژێر سێبەری عەرشی خوادا حەشر دەکرێن لە ڕۆژێکدا کە هیچ سێبەرێك نی یە، جگە لە سێبەری عەرشی خوا نەبێت:.. (یەکێك لەمانە) پیاوێکە کە ئافرەتێکی جوان و خاوەن پلەو پایە بانگی بکات ئەویش دەڵێت: من لە خوا دەترسم..)

وە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی گەنجی داوێن پاك ئەوەیە بەردەوام هیوای بەوەیە خوای گەورە بیباتە بەهەشت و لە تاوانە بچوکەکانی خۆشبێت کە تاوانی گەورەی نەبێت، بەڵام کە گەنجێك بۆ جارێکیش زینای کردبێت ئەوا ژیانی تاڵەو هەموو خۆشیەکان لای ئەو ئازارە و هەمیشە بیری لای ئەم تاوانە قێزەونە لە ناوبەرەیە.

پێدانی مژدەی بەهەشت بەو گەنجەی کە ژنی هێناوەو توشی ئەم تاوانە گەورە نەبووە، واجبە سوپاسی خوای گەورەی لەسەر بکات، و مژدەش لەو گەنجەی خۆڕاگربێت بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە هەموو هۆکارێك بۆ لە خشتە بردنی گەنج خراوەتە کار، و مژدەش لەو گەنجانەی کە بۆ ئەوەی توشی ئەم تاوانە گەورە نەبن پەلە دەکەن لە هاوسەرگیری، و بە بیانوی نەشیاو دوا ڕۆژیان نادۆڕێنن.

ئەی خوشکە بەڕێزەکەم ئەی برا لاوم کە لە زانکۆیت یان لە هەرکوێ سەربەرزی بۆ تۆیە کە هەمیشە بیرت لە چاودێری خوای گەورەیە و لە ئاستی ڕەگەزی بەرامبەردا سەرت دائەخەیت هەرچەند خەڵکانێکی کەم تانە و تەشەرت لێبدەن و بە توندڕە و کۆنە پەرست ناوت ببەن، هەمیشە صیفات یوسف ئاسا بژی ﷺ صەبرەکەی یعقوبیشت ﷺ هەبێت تا خوای گەورە دەتگەیەنێت بە خواستی خۆت.

**بۆیە دەڵێم:** تاکو گوێت لە ناڵەو گریانی ئەم گەنجانە نەبێت کە ئەم کارەیان کردوەو فرمێسکەکانی سەر گۆنایان نەبینی نازانیت ئەمانە لە چ ژیانێکی کولەمەرگیدا دەژین! وە ئەو گەنجەی ئەم تاوانە ناکات چەند گەورەیەو چەند سەربەرزە لە لای خوا پاشان لای خەڵکی، وە چەند بەختەوەرە لە دونیادا لە پێش قیامەت!!

دەشتی لطیف ڕیحانی/زانستی بایۆلۆجی / زانکۆی

سلێمانی.

**بەرچاو ڕوونی ( البصيرة ):**

یەکێك لەبنچینە سەرەکی یەکانی بانگەوازو خەڵك بانگکردن بۆ یەکتاپەرستی خوای گەورەو بۆ دینەکەی ، بریتی یە لە (بەرچاو ڕوونی) ، کە یەکێك بووە لەو کارانەی پێغەمبەرمان (ﷺ)و هەموو پێغەمبەرانی تر (سەلامی خودایان لەسەر بێت) لەسەری ڕۆیشتوون ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي ۖ وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾(يوسف : ١٠٨).

واتە " ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بەخەڵکی ڕابگەیەنە کە ئەمە ڕێبازی من و ئەوانەیە کە شوێنم کەوتوون ، خەڵکی بانگ دەکەین بۆ یەکتاپەرستی خوای گەورە لەسەر بنچینەی بەرچاو ڕوونی و چاوساغی ، پاك و بێگەردی بۆخوای گەورەو من لەهاوەڵ بڕیاردەران نیم ".

کەواتە بەرچاو ڕوونی بریتی یە لەو عیلم و زانستە بەسودەی کە بەڵگەی لەگەڵدایەو پێچەوانەی هیچ بنەماو یاساو ڕێسایەکی شەرعی نیە ، بۆیە لەم ڕۆژگارەدا زۆرێکی خەڵکی (جگە لەوانەی کەخودا ڕەحمی لێکردوون و ڕێی نیشانداون) دەبینیت خەریکی بانگەوازن و بەڕای خۆیان خەڵکی بانگ دەکەن بۆ سەر دینی ئیسلام ، لەکاتێکدا بنچینەی وتارو باسەکەیان لەسەر تەنها فەرموودەیەك بەندە کە ئەویش لاوازە ، ئەمە خۆی لەخۆیدا تێنەگەیشتنە لەکرۆك و ناخی زانست و بەرچاو ڕوونی ، چونکە لەوانەیە ئەو باسە سەربکێشی بۆ بیدعەو لەوەش گەورەتر لەوانەیە وتاربێژەکەو ئەوانەش کە گوێڕایەڵی ئەون تووشی شیرك و کوفریش بن ، وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرموێت : (من كذبَ عليَّ متعمدًا فليتبوَّأْ مقعدَهُ من النارِ).(صحيح الجامع : ٢٨٣٧).

واتە " هەرکەسێك بەدەمی منەوە درۆ هەڵبەستێت ئەوا با جێگایەك لەناو دۆزەخ بۆخۆی دابنێت ".

سەرەڕای ئەوەش دەبینین ئێستا ماڵپەرەکان و سایتە کۆمەڵایەتی یەکان بووەتە جێگای بڵاوبونەوەی دەیەها فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراو ، وە هۆکاریش دەبینین یان خۆ گەورە کردنە یان بەهەڵە تێگەیشتنە یان گومڕابوون و سەرلێشێوانە ، بەڵام ئەگەر باکگراوەندێکی زانستی شەرعییان هەبێت و شارەزایی یان هەبێت لە فەرموودەناسی دا ئەو کات بەرچاویان ڕوون دەبێت و هەرکەسەو بەویستی خۆی دەم ناکوتێتە نێو فەرموودەو عیلمی ئیسناد .

لەلایەکی تریشەوە بەرچاو ڕوونی بەشێکی گەورە پێك دێنێت لەفەتوادان و لەفەتوا گواستنەوەشدا ، بۆنمونە ، کەسێك تاوەکو ئێستا تەنها شتێکی سەرەتایی نەخوێندۆتەوە لەبیروباوەڕو فیقه ،وە تەنانەت بەشی پاك ڕاگرتن و پاك و خاوێنیش نازانێت کەچی لەولاوە دەم لەفەتوادان دەکوتێت و باسی کوفرو جۆرەکانی دەکات و حوکمەکانی جیهاد بۆخەڵکی ڕوون دەکاتەوە ، ئیدی ئەمە نەبوونی بەرچاو ڕوونی یە لەزانستە شەرعی یەکاندا ، بۆیە خەڵکی سەری لێشێواوەو ناتوانێت بەئاسانی بڕوا بەفەتوای هەموو کەسێك بکات ، تەنانەت جاری واش هەیە کەسێك فەتوایەك دەگوازێتەوەو ناوی ئەو زانایەش دەڵێت کە فەتواکەی داوە،کەچی هەر بەئاسانی بڕوای پێناکرێت.

بۆیە پێش ئەوەی تەمەنمان بڕوات و ژیان و ڕۆژگار ببێتە بار بەسەر شانمانەوە پێویستە هەوڵی ئەوە بدەین هەر هیچ نەبێت تروسکەیەك لەو زانستە شەرعی یە وەربگرین کە بەهۆیەوە سەرفرازی دونیاو دوارۆژی خۆمان و ماڵ و منداڵمانی پێوە بەندە ، ئەگەر نا ئەوا هەر ڕۆژەو کێشەیەك و هەر ڕۆژەو گومانێك و شوبهەیەك ڕوومان تێدەکات و ناتوانین بەئاسانی بەرپەرچی بدەینەوە ، تاوەکو وامان لێدێت بەماوەیەکی کەم نغرۆی تاوان و شوبهەو گومان و خراپە بووینە ، وە بەوەشەوە نەوەستاوین بەڵکو سەرمان لەزۆرێك لەخەڵکی شێواندووەو بەهۆی ئێمەوە ئەوانیش گومڕابوون ، جا داوامان ئەوەیە خوای پەروەردگار کەسمان بێبەش نەکات لەو زانستە بەسودەو بەرچاومان ڕوون بکات لەکاتێکدا خەڵکێکی زۆر لەتاریکی و

گومڕایی دا دەژین .ئا \ م.هیوا محمد (کوردی .ك.پ.کەلار).

## گرنگترین گۆڤارە ڕۆژهەڵاتناسیەکان ودیارترین کەسایەتیەکانیان

بەشی هەشتەم

دە: «فیلیپ هیتّی Ph. Hitti» لوبنانیەکی نەصرانیە، پێشتر مامۆستا بو لە زانکۆی برنستۆن لە بەشی دیراساتی شەرقی لە ئەمریکا، پاشان بو بە سەرۆکی ئەم بەشە. لە سەرسەخترینی دوژمنانی ئیسلامە، خۆی وا پیشان دەدات کە بەرگری لە پرسە عەرەبیەکان دەکات لە ئەمریکا، وڕاوێژکاری ناڕەسمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات ڕۆڵی ئیسلام کەم بکاتەوە لە بنیاتنانی سەقافەتی مرۆڤایەتی، وپێی ناخۆشە یەك فەزڵ وچاکە بداتە پاڵ ئیسلام، ئەمەش لە کتێب ونوسراو وبابەتەکانیدا بە ڕونی دیارە، لەوانەش -بۆ نمونە- وتەکەی لە «دائرة المعارف الأمريكية» کە ساڵی ١٩٤٨ چاپکراوە ل١٢٩، نەك تەنها لەم سەردەمەدا بەڵکو بە درێژایی مێژو هیچ باشی وفەزڵێك بۆ ئیسلام ڕەوا نابینێت بیداتە پاڵی.

لە کتێبەکانی:

١. «تاريخ العرب»، کە پڕە لە تانە وتەشەردان لە ئیسلام وگاڵتەکردن وڕابواردن بە پەیامبەرەکەی. هەمویشی ڕق وژەهر وبوغزە، نەك زانست.

٢. «تاريخ سوريا».

٣. «أصل الدروز وديانتهم»، ساڵی ١٩٢٨.

یانزە: «ئە. ج. فینسینك A. J Hitti» دوژمنێکی سەرسەختی ئیسلام وپەیامبەرەکەیەتی، پێشتر ئەندامی «المجمع اللغوي المصري» بو، پاشان دەریان کرد، ئەمەش دوای ئەوەی ڕای خۆی دەربڕی لە بارەی قورئان وپەیامبەرەوە وبانگەشەی ئەوەیکرد کە قورئان پوختەی کتێبە ئاینی وفەلسەفیەکانی پێش خۆیەتی، ئەوەبو دکتۆری پزیشك حوسەینی الهواری خاوەنی کتێبی «المستشرقون والإسلام» کە ساڵی ١٩٣٦ دەرچو، بەو هۆیەوە هەرایەکی لەسەری نایەوە وبوە هۆی دەرکردنی فینسینك.

لە کتێبەکانی: «عقيدة الإسلام»، لە ساڵی ١٩٣٢.

دوانزە: «کینیت کراج K. Cragg» ئەمریکیە، دەمارگیرێکی زۆر دژ بە ئیسلامە، لەوەو پێش لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە وانەی دەوتەوە، بەڵام دوایی بو بە سەرنوسەری گۆڤاری «العالم الإسلامي»ی ئەمریکی تەبشیری، وسەرۆکی بەشی «اللاهوت المسيحي» لە هارتفۆرد.

لە کتێبەکانی: «دعوة المأذنة»، لە ساڵی ١٩٥٦.

سیازدە: «لیو ماسینۆن L. Massignon» گەورەترین ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسیە لە سەردەمی هاوچەرخدا، وڕاوێژکاری وەزارەتی موستەعمەرەکانی فەرەنسایە بۆ کاروباری باکوری ئەفریقیا، وچاودێر وسەرپەرشتیاری کۆمەڵە ڕوحیە تەبشیریە فەرەنسیەکانە لە میسر. زیاتر لە جارێك سەردانی جیهانی ئیسلامی کردوە، ولە جەنگی جیهانی یەکەمدا بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە نێو سوپای وڵاتەکەی بوە، ئەندام بوە لە «المجمع اللغوي المصري» و«المجمع العلمي»ی لە دیمەشق، پسپۆری هەیە لە بواری فەلسەفە وسۆفیگەریێتی «التصوف». ویەکێکە لە گەورە نوسەرانی «دائرة المعارف الإسلامية».

لە کتێبەکانی: «الحلاج الصوفي الشهيد في الإسلام»، لە ساڵی ١٩٢٢، لەگەڵ چەندین کتێب ولێکۆڵینەوەی تر لە بارەی فەلسەفە وسۆفیگەریێتی نوسیویەتی.

چواردە: «د. ب. ماکدۆناڵد D.B. Macdonald» ئەمریکیە، لە دەمارگیرترینی ڕۆژهەڵاتناسەکانە لە دژی ئیسلام وموسڵمانان، نوسینەکانی لە گیانێکی تەبشیری ڕەسەنەوە هەڵدەقوڵێت. یەکێکە لە گەورە نوسەراني «دائرة المعارف الإسلامية».

لە کتێبەکانی:

١. «تطور علم الكلام والفقه والنظرية الدستورية في الإسلام»، لە ساڵی ١٩٠٣.

٢. «الموقف الديني والحياة في الإسلام»، لە ساڵی ١٩٠٨.

پانزە: «مایلز گرین M. Green» سکرتێری گۆڤاری «الشرق الأوسط»ە.

شازدە: «د.س.مەرجۆلیۆس D.S.Margoliouth» بەریتانیەکی زۆر دەمارگیرە لە دژی ئیسلام وموسڵمانان. ویەکێکە لە نوسەرانی «دائرة المعارف الإسلامية». وئەندام بوە لە «المجمع اللغوي المصري» و«المجمع

العلمي»ی لە دیمەشق.

لە کتێبەکانی:

١. «محمد ومطلع الإسلام»، لە ساڵی ١٩٠٥.

٢. «الجامعة الإسلامية»، لە ساڵی ١٩١٢.

٣. «التطورات المبكرة في الإسلام»، لە ساڵی ١٩١٣.

حەڤدە: «ر. ئا. نیکۆلسۆن R.A Nickolson» یەکێکە لە گەورەترین ڕۆژهەلاتناسە بەریتانیەکان. ویەکێکە لە نوسەرانی «دائرة المعارف الإسلامية». پسپۆری هەیە لە فەلسەفە وسۆفیگەرێتی. وئەندام بوە لە «المجمع اللغوي المصري». یەکێکە لەوانەی ئینکاری دەکات ئیسلام دینێکی ڕۆحی بێت، بەڵکو بە دینێکی ماددی دادەنێت.

لە کتێبەکانی:

١. «متصف والإسلام»، لە ساڵی ١٩١٠.

٢. «التاريخ الأدبي للعرب»، لە ساڵی ١٩٣٠.

هەژدە: «هارفلی هۆل» سەرنوسەری گۆڤاری «الشرق الأوسط»ە، وخەتەرناکیەکەشی لەوەدایە سیاسەتی گۆڤارێک -کە لە گرنگترین گۆڤارەکانە- ئاراستە دەکات بەوەی بایەخ بە کاروباری سیاسی وڕۆشنبیری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بدات بە دیدێکی نازانستیانەی لایەندارانە.

نۆزدە: «هینری لامێنسی یەسوعی H. Lammens» فەرەنسیە، وزۆر دەمارگیرە لە ئاست ئیسلام وموسڵمانان ودڵ پڕ لە قینە بەرامبەریان، ئەوەندە دوژمنایەتی خۆی دەربڕی وبوهتانی کرد بۆ ئیسلام تەنانەت هەندێك لە ڕۆژهەلاتناسەکانی لای خۆیانی لە دژی خۆی هێنایە قسە(*).

لە کتێبەکانی بە زمانی فەرەنسی:

١. «الإسلام». ٢. «الطائف».

بیست : «جۆزێف -یوسف- شاخت J. Schacht» ئەڵمانیەکی زۆر دەمارگیرە لە ئاست ئیسلام وموسڵمانان، کتێبێکی زۆری هەیە لە بارەی فیقه و ئوصول فیقهی ئیسلامی. یەکێکە لە نوسەرانی «دائرة المعارف الإسلامية» و«دائرة المعارف الإجتماعية».

لە کتێبەکانی: «أصول الفقه الإسلامي» کە لە بەناوبانگترینی کتێبەکانیەتی.

(*) بۆ نمونە بڕوانە: گۆڤاری: «جمعية الدراسات الشرقية»ی ئەمریکی، ژ ١ ل١٥-١٦ لە ٩ی یەنایری ١٩٢٥.

**علی خان / دەرچووی کۆمەڵایەتی**

## لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی خۆ نمایشکردن؟!

١. لاوازی باوەڕ و لە خوا نەترسان١.
٢. لاسایی کوێرانە.
٣. شوێن هەواو ئارەزو کەوتن‌و وەسوەسەی شەیتان.
٤. کەناڵە ئاسمانیەکان‌و ئینتەرنێت.
٥. گۆڤارە پۆشاکیەکان‌و مۆدە.
٦. سەرسامبوون بە بێ باوەڕان.
٧. کێبەرکێ لە نێوان ئافرەتان.
٨. کەمتەرخەمی سەرپەرشتیاران.
٩. خۆشویستنی ناوو ناو بانگ‌و ڕوانینی خەڵك.
١٠. کەمی شەرم‌و نەمان‌و ڕۆیشتنی غیرەت.
١١.پشوو درێژی‌و بێ ئاگابوون لە مردن.
١٢. نەزانینی مەرجەکانی حیجابی شەرعی.
١٣. تاسان‌و سەرسامبوون بە ژیانی ڕۆژئاوا.
١٤.هاوڕێی خراپ.
١٥. پەیوەست بوون بە ئایەت‌و فەرمایشتەکانی ڕەحمەت و لە بیرکردنی ئەوەی کە سزای خوا بە ئێش‌و ژانە.

**جیهاد قادر عەلی ، فێرخوازی ماستەر ، ز.قاهیرە.**

**زانای موفەسسیری قورئان الشیخ عبدالرحمن ناصر السعدی ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرمویەتی :**

*هەرکەسێ وازبهێنێت لە بەندایەتی بۆ پەروەردگاری" ئەوە ئەکەوێتە داوی بەندایەتی کردن بۆ غەیری خوا!.

* وە هەر کەسێ واز بهێنێت لە خۆش ویستنی خوا و تەنها لەو ترسان و ڕەجاکردن لێی " ئەوە توشی ترسان و ڕەجا لێ کردن و خۆش ویستنی غەیری خوا دەبێت !.

* وە هەر کەسێ ماڵەکەی لە ڕێگای خوادا نەبەخشێت" ئەوە بەناچاری لە ڕێگای شەیتان سەرف دەکات !.

* وە هەر کەسێ زەلیلی بۆ پەروەردگاری نەنوێنێت " ئەوە ناچار زەلیلی بەندە گەلێك دەبێت !.

* وە هەر کەسێ واز لە حەق بهێنێت " ئەوە توشی ناحەق دەبێت !.